# گەڵاڵەی پارادایمی پەرەسەندنی کولتووری بۆ حکوومەتی هەرێمی کوردستان

بەختیار سەجادی



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

س. پ. ژمارە: ١

www.araspublisher.com

# گەڵاڵەی پارادایمی پەرەسەندنی کولتووری
## بۆ حکوومەتی هەرێمی کوردستان

بەختیار سەجادی

ئەندامی لێژنەی ئاکادێمیێکی ئەنستیتۆی کولتووریی کوردستان لە تاران و
مامۆستای ئەدەبی ئینگلیزی لە زانکۆی کوردستان - سنە



ناوی کتێب: گەڵاڵەی پارادایمی پەرەسەندنی کولتووری بۆ حکوومەتی هەرێمی کوردستان
نووسینی: بەختیار سەجادی
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٢٥٤
دەرهێنانی هونەری: بەدران ئەحمەد
دەرهێنانی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
پیت لێدان: ئاراس ئەکرەم و هەمزە جاف
هەڵەگری: هەندرێن شێرزاد و دڵشاد مستەفا
هەڵەگریی سەر کۆمپیوتەر: حاجی دلاوەر
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم ، هەولێر- ٢٠٠٤
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر ژمارە (٩٢)ی ساڵی ٢٠٠٤ی دراوەتێ

# ناوەڕۆک


پێشـەکی ........ 7

پاژی یەکەم: پێناسەکان ........ 11

پاژی دووەم: پارادایمی پەرەسەندنی کولتووری ........ 21

١- گرنگیدان بەزمانی زانستیی کوردی ........ 23

٢- ڕەچاوکردنی هاوکێشەگەلی جوانیناسانەی هاوچەرخ ........ 35

٣- پەرەسەندنی شوناسی ڕۆشنبیرانەی کوردی و دەوری کات و
شوێن و خود و ئەویدی لەم ڕەوتەدا ........ 40

٤- ئەرشیڤسازی و پەرەسەندنی ئەرشیڤی کوردی لەڕووی مەعریفە ناسانەوە ...50

پاژی سێیەم: ئەنجام ........ 52

پەراوێزەکان ........ 54

پاشکۆ ........ 62

# پێشەکی

مەبەست لەم گەلاڵەیە دەستنیشانکردن و دیاریکردنی تایبەتمەندییە سەرەکی و گرنگەکانی پارادایمێکە بۆ پەرەسەندنی هەمەلایەنە و دێژخایەنی کولتووری لە هەرێمی کوردستانی ئێراقدا. بەڵگەنەویستە کە گەلاڵەی پەرەسەندنی هەمەلایەنەی کۆمەڵایەتی خۆی لە سێ بەشی گەورەی پارادایمی پەرەسەندنی ئابووریی، سیاسی و کلتووریدا ئەبینێتەوە و پێویستە بیرداڕێژانی پسپۆڕ لە هەرکام لەم سێ ئاقارە تایبەتەدا بەمەبەستی پەرەسەندن و بەرژەوەندی لە بەستێنێکی تایبەتدا گەلاڵەکانی خۆیان ئاراستەی حکوومەتی هەرێم بکەن و حکوومەتیش پاش تاووتوێکردنی گەلاڵەکان لەگەڵ دەستەی ڕاوێژکاری تایبەتدا، یەک یان هەڵبژاردەیەک لە کۆی ئەم گەلاڵانە. -هەڵبەت بەڕەچاوکردنی لایەنی تیۆریک- بەپێی پێویست ئەخاتە دەستووری کاری خۆیەوە. پێویست بەوتن ناکا کە حکوومەتی هەرێم بەردەوام پێویستی بەوەها گەلاڵەگەلێک هەیە و، لەم ڕێگەیەوە ئەتوانێ هەردەم خۆی تازەبکاتەوە و گوڕوتینێکی تایبەت ببەخشێتە کار و پرۆژەکانی خۆی لە پێناو پەرەسەندنی پیشەسازی و کولتوورسازی و مسۆگەرکردنی سیستەمی ئابووریدا کە دوا ئاکامی بەڕێوەبردنی ئەم گەلاڵانە پەرەسەندنی هەمەلایەنەی جڤات و کۆمەڵگای کوردییە. پێویستە ئەو خاڵە سەرەکی و چارەنووسسازەش بدرکێنین کە بەڕێوەبردنی وەها پرۆژەیەک و چۆنیەتیی بەڕێوەبەرێتی. لەم گەلاڵەیەدا، لەکاتی دابەزاندنی خودی ناوەرۆکی پارادایمەکەدا، کرنگ و کاریگەر ئەنوێنێ، چونکە لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا ئەگەرچی پاش ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ ئەم هەرێمە لەلایەن جۆرێک بەڕێوەبەرێتی حکوومەتی هەرێمەوە بەڕێوە ئەبرێ و سەرپەرشتی ئەکرێ، بەڵام پێویستە چۆنیەتیی ئەم بەڕێوەبەرێتییەش بخرێتە بەر هەڵسەنگاندن و لە بەڕێوەبردنیشیدا،



حکوومەتی هەرێم پێویستە لە بیری تازە و میتۆدی زانستی و مۆدێرنی هاوچەرخ دەربارەی پێناسە و چەمکەکان و گرفتەکان و بنەواشەکانی[١] زانستی بەڕێوەبەرێتی[٢] کەڵک وەربگرێ.

ئەم گەلاڵەیەی بەردەستیش هەوڵێکە لەپێناو پەرەسەندنی کولتووریدا و لەبەر دوو هۆی سەرەکی خۆی ڕووبەڕووی بابەتە پەیوەندیدارەکان بەپارادایمی پەرەسەندنی ئابووریی و سیاسی ناکاتەوە. یەکەم: پارادایمی پەرەسەندنی ئابووریی و سیاسی پێویستە لەلایەن پسپۆڕان و بیرداڕێژانی ئابووریی و سیاسیەوە ئاراستە بکرێ و دووهەم: گەرچی لەم ساتەوەختە گرنگەی ئێستادا، گوتاری سیاسی و هەڵسوکەوت و بۆچوونە سیاسییە جیاجیاکان بۆتە ناوەندی هەموو باسوخواسێک و، هەم لەلایەن حکوومەت و هەم لەلایەن جەماوەرەوە ئەم گوتارە بەردەوام ئەخرێتە بەر مشتومڕەوە، بەڵام ئەم گەلاڵەیەی ئێمە تەعبیر لە بابەتێکی گرنگی نێوخۆیی دەکات و بەپێچەوانەی گوتاری سیاسییەوە ئەم گەلاڵەیەی بەردەست لە ڕەوتێکی درێژخایەن و لە چوارچێوەیەکی هەمەگیر و فرەڕەهەنددا و بەشێوەیەکی بەربڵاو و بنەڕەتی مامەڵە لەگەڵ وتەزای (کولتوور)دا ئەکات و، بەهیچ شێوەیەک خۆی ناخاتە نێو بازنەی تیژتێپەڕ و کاتیی گوتاری سیاسییەوە. بەڵام، پاش ڕووخانی ڕژێمی بەعس و هاتنەکایەی ئەم ڕووداوانەی دوایی زۆرتر لە جاران هەست بەپێویستیی پارادایمێکی تازەی پەرەسەندنی کولتووری دەکرێ و، حکوومەتی هەرێم ئەبێ بەشێوەیەکی نوێ و بەپرۆگرامێکی بنەڕەتی و تازەوە خۆی لەهەمبەر بابەتی پەرەسەندنی کولتووریدا ببینێتەوە و، هەندێ گۆڕانکاریی لە چۆنیەتی ڕوانین و کارکردی خۆیدا سەبارەت بەپرۆژەی کولتووسازی بهێنێتە ئاراوە.

پارادایمی پەرەسەندنی کولتووری بەمەبەستی پەرەپێدان بەپرۆژەی کولتوورسازیی خۆی لە بەرژەوەندیی کۆییدا و بردنە سەری ئاستی

(1)- Principle.
(2)- Management.

کولتووریی تاک و کۆمەڵگای کوردی لە ڕووی چۆنیەتی پێکهاتنی ناخودئاگای کوردییەوە و لە ئەنجامدا بەمەبەستی کارکردن لە شوناسی کوردی -بەتایبەت لە گەنجینەکاندا- و ئامادەکردنیان بۆ ژیانێکی مۆدێرن و چۆنیەتیی هەڵسوکەوتیان لە کەشوهەوایەکی دیمۆکراتیکدا و خوێندنەوەی ڕەخنەگرانەی «خود»ی کوردیدا و بنیاتنانی چوارچێوە و بنەواشەگەلی مەعریفیی تایبەت و جیاجیا بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ خود و ئەویدیدا، خۆی لە ڕواڵەتی پرۆژەیەکی بنەڕەتی و گشتگیردا ئەبینێتەوە کە بەو پێیە ئەکرێ شوناسی کوردی لە دۆخی نەگۆڕ و وەستای هەنووکەوە، پەیتاپەیتا و لە ڕەوتێکی درێژخایەندا بۆ ڕواڵەتێکی بگۆڕ و بزۆز و چالاک بگۆڕدرێ. لێرەدا بەردەنگی ئێمە ئەو دەزگاگەلەن کە لە هەناوی خۆیاندا بەردەوام خەریکی سەر چەشنسازین و کار لە ناهۆشیاری و ناخودئاگا و شوناسی کوردی دەکەن. دامودەزگاگەلی سەر چشنساز، وەک ڕادیۆ، TV، چاپەمەنییەکان، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێب، ماڵپەڕەکانی ئەنتەرنێت و وەزارەتگەلی پەروەردە و ڕۆشنبیری و سەرۆکایەتی زانکۆکان، ئەبێ بەشێوەیەکی هاوچارخانە و بەرچاوکردنی هاوکێشە جیاجیا هاوچەرخەکان لە بەستێنێکی کولتووریدا جێ پەنجەی تازەی خۆیان بەسەر جەستەی شوناسی کوردییەوە بەجێ بهێڵن و، ئەو سەرچەشنانەی پێکهاتەی ناخودئاگای کوردییان پێکهێناوە، ئەبێ بخوێندرێنەوە، پەرەیان پێ بدرێ و، یان هەندێ جار لە ڕەوتێکی درێژخایەندا گۆڕانکارییان تێدا بەرهەم بهێنرێ. بەواتایەکی ڕوونتر، بەمەبەستی بەرژەوەندیی کولتووری و پەرەدانی گوتاری کولتووری و خوێندنەوە و یاخود گۆڕینی ئێپیستمە جیاجیاکانی گوتارە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان یەکەم ئەرکی سەرشانی دامودەزگا سەرچەشنسازەکان بریتییە لە هێنانەکایە و یاخود پەرەپێدانی شوناسی کوردیی بگۆڕ و زەینییەتێکی چالاکی مەعریفی و، پاک و خاوێن کردنەوەی جەستەی ناخودئاگای کوردی لە کۆی ئەو ئایدیۆلۆژیایانەی بەسەریدا سەپێندراوە و کورد، مەخابن تەنیا بەرێوەبەری ئەو



ئایدیۆلۆژیایانە بووە، ئەو ئایدیۆلۆژیایانەی ئاکامە سەلبییەکانی هەردەم ڕووبەڕووی جەستەی شوناسی کوردی بۆتەوە.

لەم گەڵاڵەیەی بەردەستدا، سەرەتا هەندێ چەمک و بابەتی گرنگی پێوەندیدار بەم پارادایمەوە پێناسە ئەکرێن و، پاشان ناواخنی پارادایمەکە لە ڕواڵەتی چوار بەشی تیۆریکدا ئاراستە دەکرێ و لە کۆتایی هەر بەشێکدا، پێشنیاز و ڕاوبۆچوونی تایبەت لەمەڕ بابەتی پێوەندیدار دەربڕاوە و، لە ئەنجامدا هەندێ گرفتی بەرچاو و هەندێ چارەسەریی گشتی ئەخرێتە بەرچاو.

## پاژی یەکەم:

# پێناسەکان

لەم بەشەدا پێناسەی ئەو زاراوانە ئەخەینەڕوو کە لەم گەلاڵەیەدا بەکارهێنراون و کەڵکیان لێ وەرگیراوە.

### ١- پارادایم PARADIGM:

زاراوەی پارادایم لە بنەڕەتدا لە فەلسەفەوە هاتۆتە نێو هەندێ لقی جیاجیای زمانناسی و تیۆری ئەدەبی و توێژینەوەی کولتوورییەوە و لە بەستێنە جیاجیاکانیشدا، بەردەوام پێناسەکەی دەگۆڕدرێ. پارادایم و گۆڕانکاریی پارادایم پاش بڵاوبوونەوەی کتێبەکەی (تامس کووهن) بەناوی ڕاپەڕینە زانستییەکان ١٩٦٢ بەشێوەیەکی فرەپات و بەربڵاو لە بوارگەلی دیکەدا هاتە بەکارهێنان. بەبڕوای تامس کووهەن، هەندێ جڤاتی پێشکەوتوو یان هەندێ بواری پسپۆڕانەی زانستی لەسەر پەسەندکردنی کۆمەڵێک وێنای بەردەوام و شێوە ستاندارد لە تیۆرە جیاجیاکاندا، دامەزراون کە لە ڕوانین و کاربردە واتایی و مەبەستدارەکانیاندا ڕەنگی داوەتەوە...، ئەم وێناگەلە پارادایم-ی ئەو جڤاتە پێک ئەهێنن و لە کتێبی وانە و لێدوان و چالاکییە ڕۆشنبیرییەکان و هەڵسوکەوتی نێو کتێبخانە و شوێنە زانستییەکان و تاقیگەکاندا وەبەرچاو ئەکەوێ. کووهن توێژینەوەیەکی بەرفراوانی لەسەر چۆنیەتی بەدیهاتنی گۆڕانکاری لە بیری زانستیدا ئەنجام داوە و چەمکی پارادایمیش دەوری سەرەکی لەم لێکۆڵینەوەدا ئەگێڕێ. پارادایم لەم ڕوانگەیەوە ئەو وێنایانە نین کە کوهن دەستنیشانیان ئەکات، بەڵکو بریتین لەو فیکر و شێوە ڕوانینانەی کە لە پشتی خودی ئەم وێنایانەوە لە ئارادان، یان ئەو



ڕوانگانەی کە خودی ئەو وێنایانە پێشنیازی دەکەن. بەواتایەکی تر، پارادایم بریتییە لە کۆی ئەو بیروبڕوایانەی کە لەلایەکەوە ئەبنە هۆی سەرگرتنی لێکۆڵینەوەیەک و لەلایەکی دیکەشەوە هەر هەمان لێکۆڵینەوە سنووردار ئەکەنەوە. کەواتە پارادایم چوارچێوە و کۆی ئەو ڕوانین و باوەڕانە پێکدێنێ کە لەلایەکەوە یارمەتیدەرن بۆ بەئەنجام گەیاندنی ئەو لێکۆڵینەوەیە و لەلایەکی دیکەشەوە هەرهەمان لێکۆڵینەوە لە کۆمەڵێک ئەگەر و شیمانە و ئاکامی دیکە دوور ئەخەنەوە. پارادایم وەکو زاراوەیەک پتر لە فەلسەفەی زانستی تامس کوهن-دا سەری هەڵدا و، بەو پێیە باس لە ئەگەر یاخود پێویستیی بەدیهاتنی پێشکەوتنی زۆر و بەرچاو لە تیۆری زانستیدا ئەکرێ کە ئەمەش لە ڕێگەی گۆڕانکاریی پارادایمە ئامادەکانەوە دێتە کایەوە. پێویستە بوترێ تایبەتمەندی و چەشنەکانی پارادایمگەلی جیاواز لە جڤات و یاخود بوارە جیاجیاکاندا، پێوەندیی ڕاستەوخۆی بەئیپستمی ئامادەی نێو ئەو جڤات و بوارەوە هەیە.

### ٢- ئێپستیم EPISTEME:

ئێپستیم یان پۆلێنکاریی مەعریفە، لە ڕاستیدا ڕۆنراوی میشێل فۆکۆیە و، بەشێوەیەکی بەربڵاوتر لەلایەن هەندێ بیرمەندی پاش بنەماخوازەوە بەکارهاتووە. مەبەست لەم زاراوەیە. لێرەدا سەرلەبەری ئەو پەیوەندی و یاسایانەی گۆڕانە کە هەموو کردەوە گوتارییەکان کۆدەکاتەوە. هەروەهاش ئەکرێ لەم زاراوەیە بۆ دەستنیشانکردنی سەردەمێکی مێژوویی تایبەت کەڵک وەربگیرێ کە تیایدا ئەو پێوەندی و یاسایانەی گۆڕان کە لەسەرەوە ئاماژەیان بۆ کرا، تێیدا بەردەوام و باوبن. کەواتە ئێپیستیم تاڕادەیەک نزیکایەتی بە «بیروڕا زاڵەکان»ی مارکسەوە هەیە و هەروەهاش پێوەندیی بەپێناسەی تایبەتی ئایدیۆلۆژیا لە مارکسیزمدا هەیە. بەڵام ئەوڕۆکە ئێپیستیم واتایەکی گشتگیرتر و بەربڵاوتری وەدەست هێناوە - واتە لێرەدایە کە هۆکانی سەرهەڵدانی ئێپستیمێکی دیکە یان جێگۆڕکێی دوو

ئێپیستیم دەبێ دەست نیشان بکرێ. لەلایەکی ترەوە، ئێپیستم وەکو بچووکترین بەشی پێکهێنەری وتارە جیاجیاکان دادەنرێ، بەواتایەکی دیکە، گوتارەکان وەک گوتاری پزیشکی، گوتاری ئاکادێمیک، گوتاری ڕۆشنبیری، گوتاری کۆمەڵناسانە یان زمانناسانە، بۆ خۆیان لە چەند ئێپیستیم پێکهاتوون کە لە هەر سەردەمێکی مێژوویی‌دا بەپێی زاڵبوونی ئەو گوتارە بۆخۆشیان زاڵ دەبن. کەواتە ئەگەر گوتار وەکو کۆیەکی مەعریفی ڕەچاو بکرێ و پاشان پۆلێنکاری بکرێ، پاژە پێکهێنەرەکانی ئەبێتە ئێپستیم.

## ٣- ئایدیۆلۆژیا Ideology:

وشە یان زاراوەی ئایدیۆلۆژیا بەگشتی بەم شێوەیە پێناس ئەکرێ: کۆمەڵە بیروڕایەک کە پێداویستی و خواستە کۆمەڵایەتییەکانی تاکەکەس، تاقەم، چین یان کۆمەڵێک ئەنوێنێتەوە. بەڵام لێرەدا مەبەست لە ئایدیۆلۆژیا ئەو کۆمەڵە بیروباوەڕ و بیرۆکە دەرهەستانەیە کە لە گوتاری کۆمەڵایەتی یان سیاسیدا بەکارئەبرێ و هەندێ دەرکەوتەی بابەتیانە و بەرهەستیان بەدواوەیە. هەڵبەت هەندێ جار بۆ ئەو سیستەمە تێگەیشتنە بەکارئەبرێ کە کار لە تاکەکەس و تاقمەکان ئەکات بۆ ئەوەی خۆیان لەگەڵ ڕوانگەیەکی بەرهەمهێنراو لە واقیع و حەقیقەت ڕێکبخەن. بەپێچەوانەی ڕوانینی زاڵی ناوەڕاستی سەدەی بیستەم و گوتاری مارکسیستی ئایدیۆلۆژیا لێرەدا مانایەکی سەلبی لەخۆ ئەگرێ و بەکۆسپ و ڕێگەی بەردەم بەدیهاتنی بیری خاوێن و کولتووری خاوێن و ئەقڵییەتێکی خاوێن دادەنرێ، هەر بۆیە پێناسەی ئایدیۆلۆژیا لێرەدا جیاوازە لەوەی لەلایەن بیرداڕێژە مارکسیەکانەوە ئاراستە کراوە.

## ٤- ئەمئەوێتی Identity:

ئەگەرچی ئەمئەوێتی هەڵگری هەندێ مانای جیاوازە، بەڵام ڕەنگە گرنگترین وەڵامی ئەم زاراوەیە لە پێوەندی لەگەڵ ئەم گەلاڵەیەدا بریتیبێ



لە پێوەندی و هاوکێشەی نێوان دوو بابەت، دوو چەمک یان دوو چشت کە سەرەڕای جیاوازییەکانیان خاوەن چەند تایبەتمەندییەکی هاوبەشن. جیا لەو پێناسە جیاجیایانەی زاراوەی ئەمئەوێتی لە فەلسەفەی ڕۆژئاوادا باوە، لەم زاراوەیە بۆ یەکێتی نێوان دوو چەمک یان دوو بوونەوەر کەڵک وەردەگیردرێ. بۆ نموونە ئەمئەوێتی نێوان منداڵی پێش فێربوونی زمان و دایک، ئەمئەوێتی نێوان منداڵ و سروشت، نێوان زەین و بابەت، ئەمئەوێتی نێوان سروشت و ئایدیۆلۆژیا. ڕەنگە گرنگترین ئەمئەوێتی ئاماژە بۆکراو لەم گەڵاڵەیەدا ئەمئەوێتی نێوان کورد و زمانی کوردی بێ کە کیانی کوردیان پێکهێناوە.

## ٥- خود و ئەویدی Self and the other:

(ئەویدی) و تایبەتمەندییەکەی کە (بەئەویدیکەیی) ناسراوە لە ڕاستیدا پاش کاریگەرێتی فەلسەفەی دیکارت هاتە نێو باسە فەلسەفیەکانەوە و ئەوڕۆکە تەنانەت لە باسە سیاسییەکانیشدا بەکار ئەبرێ و بەم دواییانە لە دەروونیشکاریدا پەرەی زیاتری پێدراوە. دیکارت لە (لەبیرکردنەوەکان)یدا ئاماژە بۆ جیاوازیی نێوان سروشت و مرۆڤ ئەکات کە هەرکامیان تایبەتمەندی و تەنانەت شوناسی سەر بەخودی خۆیان هەیە. بەڵام ئەم پێناسەیە لە ئەقڵخوازیی سەدەی هەڤدەهەمدا و پاشان لە ڕوانگەی لایبنیتس-ەوە کە شوێنی زۆری لەسەر فەلسەفەکارانی مودێرنێتی دانابوو، بووە جیاوازیی نێوان مرۆڤ و سروشت. بەواتایەکی دیکە، ڕۆح ئەویدیکەی جەستەیە و سروشت لێرەدا ئەویدیکەی مرۆڤە. پێشکەوتنی ڕۆژئاوا لە بواری پیشەسازانە و فیکری و ئەقڵانیەوە بووە هۆی ئەوەی کە لە باسە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتدا وەکو ئەدیدیکە سەیری ڕۆژئاوا بکرێ. بەوردی، (ئەویدیکەیی) لە نێوان دوو چشت یان دیاردە و خوددا دێتە ئاراوە کە نەک هەر لێکتر جیان، بەڵکو تایبەتمەندی و شوناسیشیان لێکدی جیایە. لەلایەکی ترەوە، هەندێ جار لە وتارە

فەلسەفی و سیاسییەکاندا ئەویدیکە لایەنی بەرامبەری خود پێکدێنێ، هەر بۆیە جگە لە (خودناسی) بایەخدراوە بە (ئەویدیناسی).

ئەوەی کە ئەگوترێ ڕۆژئاوا ئەویدیکەی ڕۆژهەڵاتە، وەبیر ئەو بیرۆکەیەمان ئەخاتەوە کە ڕۆژئاوا لە پێگەی ناسکاری دەسەڵاتداردا و ڕۆژهەڵات وەکو بەرناسی سەرکوتکراو ببینێ. لێرەدا مەبەست لە ئەویدیکە پتر ئەو لایەنە لە باسی ئوستوورەناسانە و بەتایبەت زمانناسانەوە لە (خود) جیا ئەبێتەوە. کەواتە ئەگەر مەبەست لە خود لێرەدا خودی کورد بێ، ئەوا ئەویدیکەی کوردی ئەو کیانەیە لە باری زمانناسانە و ئوستوورە ناسانەوە لە خودی کوردی جیاوازە.

## ٦- ناخودئاگا Unconscious:

ناخود ئاگا ئەو بەشە زاڵەی نەستی تاک پێکدێنێ کە بۆ خۆی بەرهەمهێنی زەینییەتی تاکەکەسییە و لە ڕەوتی فێرکاریی زماندا و لە درێژەی بیچم گرتنی چەمک و وتەزاکانی نێو ناهۆشیاریی مرۆڤدا، ناخودئاگا دێتە ئاراوە. ناخود ئاگا کە یەکەم جار لە دەروونناسیدا تیۆریزەکراو پاشان لە دەروونشیکاری و زمانناسیدا زیاتر تیشک خرایە سەری، ئەتوانێ بەسەر هۆشیاری و ناخودئاگای مرۆڤدا زاڵ بێ و لە ڕاستیدا ئەمە ناخودئاگایە کە شوناسی مرۆڤەکان دیاری دەکات، هەروەهاش ئەو ئایدیۆلۆژیایانەی هەڵسوکەوتی مرۆڤەکان بەڕێوە ئەبەن و لە ڕاستیدا لە ناخودئاگای مرۆڤەکاندا جێگیربوونە و هەردووک ڕەوتی بیچمگیری و گۆڕانکاریی ئەم ناخودئاگایە ڕەوتێکی درێژخایەنی بنەڕەتییە، چونکە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ پێوەندیی بەزەینییەتی تاکەکەسییەوە هەیە.

## ٧- سەرچەشن Archytype:

سەرچەشن وەکو زاراوەیەک لە دەروونشیکاریی یوونگیدا بریتییە لەو وێناو و وێنە و چەشن و نموونە سەرەکی و دێرینانەی لە ناخودئاگای



مرۆڤەکاندا و سەبارەت بەدیاردە جیاجیاکان ئامادەبوونیان هەیە. نەستی کۆیی یان ناخودئاگای گشتی بەردەوام هەندێ سەرچەشن لە ناخودئاگای مرۆڤەکاندا بەرهەم ئەهێنێ و ئەمە سەرچەشن یان دێرین نموونەکانن کە بەشێکی کاریگەریی ناخودئاگا پێک دەهێنن، هەر بۆیە سەرچەشنسازی ڕەوتێکی درێژخایەنە، چونکە بەندە بەچوارچێوە و چۆنیەتیی ناخودئاگای مرۆڤەکانەوە، سەرچەشنسازی لە ڕێگەی دووبارەبوونەوە و لە ڕەوتێکی درێژخایەن و بەرفراواندا لە ناخودئاگای مرۆڤەکاندا بیچم وەرئەگرێ.

## ٨- دەزگای سەرچەشنساز:

مەبەست لەو دامودەزگایانەیە کە بەهۆی بەرهەمهێنانی زۆر و دووبارەکردنەوە و بەرهەمی چەند پاتەوە بوو و کاریگەرەوە ئەتوانن شوێنی خۆیان بەسەر شوناسی تاکی و کۆییەوە بەجێ بهێڵن، هەندێ لەم دەزگایانە بریتین لە: ڕادیۆ، TV، چاپەمەنییەکان، وانە دەرسییەکان و... کە بەهۆی دووبارەبوونەوە و لە ڕێگەیەکی ناڕاستەوخۆ ناهۆشیارانەوە کار لە ناخودئاگای کەسەکان ئەکەن.

## ٩- بابەتیانە 0bjective:

ئەم زاراوەیە دژی ئاوەڵناوەی (زەینی) و لە بنەڕەتدا تایبەتی توێژینەوەی زانستییە. واتە، لە زانستدا و بەتایبەت لە ئەنجامگیریی زانستیدا بیروڕای زەینی زانیار و زەینییەتی تایبەت و تاکەکەسی لێکۆڵەوەوەی زانستی هیچ چەشنە کاریگەرییەک لەسەر چۆنیەتی ئەنجامەکان دانانێ؛ کەواتە ڕێڕەوی زانستی، ڕێڕەوێکی بابەتیانەیە. لە توێژینەوە کۆمەڵایەتییەکاندا پێویستە بەشێوەیەکی بابەتیانە ڕووبەڕووی بابەتی بەرناس ببینەوە، واتە لێرەدا ڕوانگە تاکەکەسییە زەینییەکانی توێژەر وەپشت گوێ ئەخرێ و پتر بایەخ ئەدرێتە خودی بابەت بەشێوەیەکی بابەتیانە.

## ١٠- بۆچوونی ڕەخنەگرانە CRITICAL APPROUCH:

بۆچوونی ڕەخنەگرانە هەڵگری دوو واتای سەرەکییە کە یەکیان گشتییە و ئەویدیشیان تایبەتی. لێرەدا تەنیا لە واتای گشتیی ئەم زاراوەیە ئەکۆڵینەوە کە بریتییە لەو بۆچوونەی کە لە سۆنگەی بیرۆکە فەلسەفییە جیاجیاکانەوە و لەلایەن تاکە جیاوازەکانەوە لە سەردەمە جۆراوجۆرەکاندا ڕەخنە لە چەمک. فەلسەفە یان تەنانەت زەینییەتێکی تایبەت ئەگرێ و لەوانەشە لە ڕێڕەوگەلی چونیەک یاخود دژ کەڵک وەربگرێ. لێرەدا ڕەخنەگر بەچاوێکی ڕەخنەگرانەوە دیاردەکانی خود و ئەویدی و بەگشتی دەق ئەخوێنێتەوە. بۆچوونی ڕەخنەگرانە بەپێی ئەم پێناسەیە ئەتوانێ هەڵگری هەندێ مەبەستی جیاواز بێت. وەک ڕەخنەکاری، ڕوونکردنەوە، ڕاڤەکاری یان شڵەژاندن و ڕووبەڕوی قەیرانکردنەوەی هەندێ دیاردە و ڕوونکردنەوەی هەندێ بابەت کە لێرەدا هەر هەموویان ئەگرێتەوە. لێرەدا مەبەست لە بۆچوونی ڕەخنەگرانە، پتر، خوێندنەوەی ڕەخنەگرانەی خودی کوردییە بەمیتۆدی پاش بنەماخوازانە بۆ خوێندنەوەی کولتوور.

## ١١- تۆژەی بنەماخواز STRUCTURALST RESEARCHER:

بەچاوپۆشین لە مێژووی سەرهەڵدان و گەشەکردنی بنەماخوازی و کارێگەرێتی ئەو بۆچوونە لەسەر فەلسەفە و زماناسی و ئوستوورەناسی و مرۆڤناسی و دەروونشیکاری، ئەبێ بڵێین سووژەی بنەماخواز بەسەر بوارە سوننەتییەکانی زانستە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکاندا بازئەدا و بەوەپشت گوێخستنی ئەوان، هەوڵ دەدا بۆ خۆی ڕوانگەیەکی بابەتیانە لە سەرجەم دیاردە کولتووری و کۆمەڵایەتییەکاندا دەستەبەر بکات کە لە گێڕانەوە ئوستوورەییەکان و دەقە ئەدەبییەکانەوە تا تەنانەت ئاگادارییی نێو ڕۆژنامەکان و مۆدەی جلوبەرگ ئەگرێتەوە و بنەماخواز پێی وایە ئەم دیاردانە لە کۆمەڵێک نیشانە پێکهاتوون کە گرنگایەتییەکی تایبەتیان بۆ ئەندامانی کولتوورێکی تایبەت هەیە و ئەو خاڵەش دەرئەخەن کە ئەو



دیاردانە بەچ شێوەیەک بایەخێکی کولتووری هێندە گرنگیان وەدەست هێناوە. لەم پێناوەشدا تیشک دەخرێتە سەر پێوەندیگەلی نێوان توخمە گرنگەکانی هەر کولتوور و یاخود گوتارێکی تایبەت و هەوڵیش دەدەن یاسا و ڕێساکانی چۆنیەتی تێکەڵاوبوونیان و پێوەندییان پێکەوە شی بکەنەوە. بنەماخوازان، دیاردە کولتوورییەکان بەبنەمای خۆ بەڕێوەبەر و چۆنیەتی پێوەندیی نێوان توخمە گرنگەکانەوە ئەخوێننەوە، واتە، هەر دیاردەیەکی ساکاری کولتووری بۆ خۆی نیشانەیەکە کە تەنیا لە ڕێگەی پەیوەندی و جیاوازی لەگەڵ توخمەکانی تری ئەو سیستەمە کولتوورییەدا ئەبێتە خاوەنی شوناسی خۆی.

## ١٢- پاش بنەماخوازی و توێژینەوەی کولتووری POST - STRUCTURALISM AND CULTURAL STUDIES:

پاش قوتابخانەی بنەخوازی، قوتابخانەی پاش بنەماخوازی هاتە ئاراوە و ئەو ڕوانگە ڕەخنەیی و ڕەخنەگرانە جیاجیایانە ئەگرێتەوە کە لە کۆتایی شەستەکان بەم لاوە وەکو ڕێڕەوێکی تازە و ڕادیکاڵ، زمان و کولتوور و سیستەمە نیشانەییەکانی دیکە دەخاتە بەرخوێندنەوەی نوێ. ئەوڕۆکەش پاش بنەماخوازی کاریگەرێتی لەسەر لقەکانی زانست وەک زانستە مرۆییەکان و نیشانەناسی و دەروونناسی و... داناوە و بەم دواییانە بەهۆی کاریگەریی پاش بنەماخوازییەوە، جۆرێکی زانستیی تازەی توێژینەوەی کولتووری سەری هەڵداوە. بەگشتی لێرەدا بۆ گرنگایەتی چوار تەوەری سەرەکی ڕادەکێشرێ:

١- گرنگایەتی تیۆر لە توێژینەوەکاندا، کە لێرەدا توێژینەوەکان تەنیا بۆ ئەدەب سنووردار ناکرێتەوە و سیستەمە نیشانەییە کولتووری و کۆمەڵایەتی و دەروونییەکانیش ئەگرێتەوە. لایەنێکی دیکەی تیۆرە پاش بنەماخوازەکان ئەوەیە کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ دژی شێوەگەلی دامەزراوە و پێوەری بیرکردنەوەن لە سەرجەم ئاقارەکانی زانیاری و

سیستەمە بەهاییەکاندا. واتە، ئەم تیۆرانە هەندێ بنیات و جەوهەری ئوسلووبە سوننەتییەکانی گوتارە جیاجیاکان ئەخەنە بەر تیشکی ڕەخنەوە و، توێژینەوەی کولتووری لێرەدا بۆ خۆی بەشێکە لەو ڕەوتە. پاش بنەماخوازی ئەبێتە هۆی سەرهەڵدانی خوێندنەوەیەکی دیکەی دامەزراوە سەقامگرتووەکان و ڕوانگەیەکی دیکە بۆ دەسەڵاتی سیاسی و ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان.

٢- چەق سڕینەوەی سووژە[١]، کە لێرەدا مەبەست توێکاریی نەستی مرۆییە و هەوڵدەدرێ بەدابەشکاریی ناهۆشیاری و زەینییەتی تاکەکەسی بەسەر بەشە پێکهێنەرەکانیدا ئەو سووژە، واتە ئەو تاکەکەسە، لە بواری دەروونییەوە پتر بناسرێ. لێرەدا چیدی سووژە خاوەن سەرچاوەی سەرجەم زانیارییەکان نییە.

٣- خوێندنەوە، دەقەکان و نڤیسار[٢]، لێرەدا مەبەستمان ئەوە نییە ئەم زاراوە ڕەخنەیی و تیۆریکانە پێناسە بکەین، بەڵام ئەمانەوێ بڵێین لە تیۆری هاوچەرخدا هەر کام لەم سێ چەمکە گرنگایەتییەکی زۆریان پێ ئەدرێ و خوێندنەوە ئەتوانێ لایەنە دیار و نادیارەکانی دەقێکمان بۆ دەربخات. هەڵبەت لێرەدا مەبەست لە دەق تەنیا دەقی ئەدەبی نییە و بەڵکو ئەتوانێ هەموو دیاردەیەک بگرێتەوە. بەواتایەکی تر، گرنگیدان بەدەق واتە گرنگیدان بەبابەتی و سەرەکی و، لەلایەکی ترەوە، نڤیسار ئەتوانێ ئەرشیڤی مەعریفی پێک بهێنێ و کە ئەرشیفی کتێبخانەی کوردی لەم بوارەدا بەتاڵە.

٤- گوتار[٣]، کە ئەم زاراوەیە پتر لە کۆمەڵناسی و زمانناسیدا بەکارئەهێنرێ و لێرەدا گوتار کە هەندێ جار بەشێوەی گوتەش دێتە ئاراوە، ئەو گوتارە کۆمەڵایەتییەیە لەلایەن کەسێتییە مرۆییەکانەوە

(1) Decentrization Of the subject.
(2) Reading the texts and ecriture.
(3) Disconrse



بەڕێوە ئەبرێ و دەنگەکانیان بەتەواوی لەو گۆڕینەوە بگۆڕەدا بەشدارن، که لەسەر بیروبڕواکان و ڕوانگەکان و هەستەکان دەربڕینەوەی دیکەی زەینییەت ئەنجام ئەدرێ. لێرەدا گوتار ئەو زاراوە زاڵ و گشتگیرەیە کە هەندێ جار دەق کامڵ ئەکا و، هەندێ جاریش لەجیاتی دەق بەکار ئەبرێ. هەروەک زاراوەی نڤیسار، لێرەش گوتار هەر تەنیا ئەو وتووێژانەی نێو بەرهەمی ئەدەبی و یاخود کۆمەڵگا ناگرێتەوە، بەڵکو پتر تەعبیر لە ڕواڵەتیبوونی سنوورەکانی ئوسلووبە ئەدەبی و نائەدەبییەکانی دەلالەت ئەکات.

### ١٣- تاکخوازی لە گوتاری کولتووری و سیاسیدا:

تاکخوازی بناخەی سیستەمە سیاسی و حوکمدارییە دیموکراتیکەکان پێکدێنێ و، لەسەر ئەم بیرە دامەزراوە کە مەبەستی سەرەکی حکوومەت دابینکردنی ئاسایشی تاکەکەس و لایەنگری لە مافەکانیەتی لە هەمبەر هێرش و دەستێوەردانی کەس یان تاقمەکانی دیکە؛ هەر بۆیەش هەندێ چەمک وەکو بەرژەوەندیی تاقم و ئایین و قوتابخانەیەکی تایبەت کە سەرلەبەر، تەعبیر لە بازنەیەکی کۆیی و ئەندامەوار و چەند کەسی ئەکەن، لێرەدا بەهیچ شێوەیەک بایەخیان نادرێتێ. لە تاکخوازیدا ئامانجی هەرە بەرچاو و هەرە سەرەکیی سیاسەت بریتییە لە ئازادیی تاکەکەسی و پێشکەوتنی بەهرە و تایبەتمەندییە جەوهەرییەکانی. وەک هێربێرت سپێنسێر پێی وایە. لە هەمبەر ئەم تیۆرانەدا ڕووبەڕووی ڕوانگە کۆخوازانەکان ئەبینەوە کە پێ لەسەر ڕەسەنایەتی و گرنگایەتی کۆ دادەگرن (بەو چەشنەی لە ئەندێشەی هیگل و مارکسدا ئاماژەی دراوەتێ). لێرەدا تاکخوازی لە ئایین و لە توێژینەوە زانستییەکاندا ڕەچاو ئەکرێ و مرۆڤەکان بایەخ ئەدەنە تاکێتی خۆیان. لەلایەکی ترەوە تاکخوازی لە ئابووری و سیاسەتدا کاریگەرێتی داناوە و سیستەمی ئابووری (لیزێفێر، واتە ئابووریی ئازاد) و لیبرالیزمی ئابووریی نوێ هەر لەم تاکخوازییەوە سەریان هەڵداوە.

پاژی دووەم:

# پارادایمی پەرەسەندنی کولتووری

لە قۆناغێ ئێستادا و بەتایبەت پاش رووخانی رژێمی بەعس لە عێراقدا، تادێ پتر هەست بەپێویستیی ئاراستەکردنی پارادایمێکی تازەی کولتووری ئەکرێ و ئەم پارادایمە پێویستە پەیتا پەیتا لە بری پارادایمە پێشوو و ئامادە کولتوورییەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق بێتە ئاراوە و لەلایەن دامودەزگاکانی سەر چەشنسازەوە گرنگیی بدرێتێ. بەڵگەنەویستە ئەم پرۆژەیە پرۆژەیەکی بەرفراوان و بەربڵاو و بنەڕەتی و تەنانەت درێژخایەنە و ئەتوانێ لە بەرژەوەندی و مسۆگەر بوون و چاکسازیی شوناسی کوردیدا دەوری سەرەکی و بەرچاو بگێڕێ. ئەگەرچی وشەی چاکسازی زۆرتر لە گوتاری سیاسیدا و بەمەبەستی گۆڕینی سیستەمی سیاسی بەرەو ئایدیالێکی سیاسی بەکار ئەبرێ، بەڵام لێرەدا ئێمە ئەم وشەیە بۆ باسێکی کولتووری بەکارئەهێنین و مەبەستیشمان پاک و خاوێنکردنەوەی شوناسی کوردییە لە کۆی ئەو ئایدیۆلۆژیایانەی هەردەم لە قۆناخە جیاجیا مێژووییەکاندا بەشێوەیەک لە شێوەکان رێگر بوونە لە بەردەم بەدیهاتنی ئەقڵییەتی رەخنەگرانە و زانستیبوون و تاکێتی و پەرەسەندنی هەمەلایەنەی کولتووری لە تاک و کۆمەڵگای کوردیدا (ئەم بەشە بەوردی لە بەشی ئەلفدا باسکراوە).

سەرەڕای ئەمەش، پێویستە بوترێ کە ئەورۆکە زۆێک لە نووسەران و رۆشنبیران و سیاسەتوانانی کورد لە دەرەوەی هەرێمی کوردستانی عێراق، بەتایبەت لە خودی هەرێم بانگەشە بۆ سڕینەوەی ئایدیۆلۆژیای بەعسیزم ئەکەن، بەڵام بەباوەڕی ئێمە ئەمە بەس نییە و پێویستە لەپاڵ گرنگیدان



بەوەها پرۆژەیەک چەند بیر و بیرۆکە و پرۆژەیەکی دیکەش بخرێنە بەر باس و بێنەگۆڕێ. هەڵبەت بێگومان سڕینەوەی بەعسیزم لە دامودەزگا سەر چەشنسازەکان – نەک بەم مانایە ئەندامانی کارگێڕ و فەرمانبەر لەو دامودەزگایانەدا بەعسین و یان خوازیارییان بەرەو بەعسیزم هەیە، بەڵکو بەو مانایەی کە شێوەروانینی بەعسیستی و تەنانەت روانگە و هەڵسوکەوتی تاکی کوردی لە کوردستانی عێراق بەشێوەیەکی ناهۆشیارانە- بەتایبەت تاکی بەڕێوەبەر و پارێزەر و یان مامۆستا- لەژێر کاریگەرێتی ئایدیۆلۆژیای بەعسیزمدایە و ئەمەش کاریگەرێتی سەلبی لەسەر جەستەی شوناسی کوردی داناوە. کەواتە، بەڵگەنەویستە کە پێویستە پێکهاتەی شوناسی کوردی لە ئایدیۆلۆژیای بەعسیزم دابتەکێندرێ و بخرێتە بەر چاکسازییەوە، بەڵام زۆر گرنگە کە سەرنجی ئەوەش بدەین ئەمە بەتەنیا داد نادات و، لە راستیدا بەکورت و کۆکردنەوەی هەر چەشنە پرۆژەیەک بۆ سڕینەوەی بەعسیزم، زۆربەی رۆشنبیر و سیاسەتوانانی کورد جارێکی دیکە خەریکی سادەکردنەوەی خود و جیهانی خودن و ئەمەش هەمان دووبارەکردنەوەی هەڵەیەکی مێژووییە، لەلایەکی دیکەشەوە، جگە لە رەچاوکردنی وەها بیرۆکەیەک، هەندێ باس و خواستی دیکە لەلایەن کۆمەڵێک نووسەر و سیاسەتوانەوە هاتۆتە ئاراوە کە بەبێ ئەوەی روانینێکی پاژ نوارانەیان هەبێ کۆمەڵێک چەمک و زاراوەی گشتی بەکار ئەهێنن، ئەمەش بەبێ پێناسەکردنی گشتی و تایبەتی ئەو زاراوانە لە گوتاری کولتوری و سیاسیدا و بەبێ دابەزاندنی ئەو چەمکە تیۆریکانە لەسەر واقیع. دیموکراسی، رەخنەکاری، ئەقڵییەت، ستراتیژی و تاکایەتی هەندێک لەو زاراوانەن کە ئەمرۆکە بەلێشاو و بەبێ پێناسەکردنێکی تایبەت لە گوتارە جیاجیاکاندا بەکار ئەهێنرێن.

لێرەدا ناواخنی گەڵاڵەی پارادایمی پەرەسەندنی کولتووری لە چوار تەوەرەی سەرەکیدا ئاراستە ئەکرێ، کە هەر یەک لەم تەوەرانە لە دوو بەشی تیۆریک و پراکتیک پێکهاتووە و، هەوڵ دراوە لەپاڵ ئاراستەکردنی

گرفتەکان پێشنیار و چارەسەرییەکانیش بەشێوەیەکی گشتی دەربڕدرێ.

١- گرنگیدان بەزمانی زانستیی کوردی

پێدەچێت هیچ چەمکێک ئەوەندەی زمان لە فیکر و مەعریفە و ئەدەبی هاوچەرخدا گرنگ نەبێت (لێرەدا لەسەر ئەو گرنگایەتییە باس ناکەین و لە پەراوێزی یەکەمی پاشکۆی ئەم پارادایمەدا ئاماژەی بۆ کراوە)[١]. هەر بۆیەش لێرەدا تەنیا لە زمانی زانستی کوردی و تایبەتمەندییەکانی ئەکۆڵینەوە و لەسەر ئەگەری بەدیهاتن و یاخود مسۆگەرتر بوونی ئەو زمانە باس ئەکەین و پاشان تیشک ئەخەینە سەر پێوەندی ئەم زمانەوە بەشوناسی کوردییەوە و ئاماژە بۆ پێوەندیی دوو لایەنە و گرنگی دوو وتەزای زمان و شوناس ئەکەین و، پێویستە لەلایەن سەرجەم دامودەزگا سەرچەشنسازەکانەوە گرنگی بەم بابەتە بدرێ وەکوو یەکەمین بابەتی سەرەکیی ئەم گەلاڵەیە ڕەچاو بکرێ.

گۆڕینی زمان گۆڕینی شوناسی بەدواوەیە و، ئەمەش بنچینەیەکی زانستیی ئەم پارادایمە پێکدێنێ، بەڵام بەرلەوەی باسی هاوکێشەی نێوان مرۆڤ و زمانەکەی و، بەشێوەیەکی وردەکارانەتر و مەبەستدارتر، باسی هاوکێشەی نێوان سووژەی ئەقڵانیی کوردی و زمانی کوردی بکەین، ئەبێ سەرەتا پەنجە بخەینە سەر بابەتێکی تیۆریک و گشتیتر کە بریتییە لە یەکبوویی و ئەمەئەوێتی نێوان سووژەی پاش بنەماخواز و زمان. لێرەدا مەبەست لە سووژەی پاش بنەماخواز ئەو مرۆڤەیە کە شوناس و زەینیەتی بەتەواوەتی لە ژێر کاریگەرێتی توخم و ڕەهەندە ئایدۆلۆژیکە جیاجیاکانی نێو زمانەکەی خۆیدایە.

زاراوەی «ئەمەئەوێتی» لە فیکر و فەلسەفەی هاوچەرخدا بەزۆری دێتە بەکارهێنان و زاراوەیەکی فرەپاتە. بەشێک لە گرنگایەتی ئەم زاراوەیە ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە هاوکات بەمانای «شوناس»یش بەکار ئەبرێ.

«ئەمەئەوێتی» و «نائەمەئەوێتی» لە فەلسەفەی هاوچەرخدا هەر هەمان



خانەی بۆ خۆی دەستەبەر کردووە کە «شوناس» لە ئەدەبی پۆست و مۆدێرنیستدا. سەرەڕای ئەمانەش، خاڵی هەرە گرنگ و گرفتساز لێرەدا ئەوەیە کە «ئەمەئەوێتی» و «نائەمەئەوێتی»و «شوناس» بەپێی تیۆرە جیاجیاکانی بیرۆکە پاش بنەماخوازانەکان پێوەندییەکی راستەوخۆ و چارەنووسازیان لەگەڵ «زمان»دا هەیە. بۆ ڕوونترکردنەوەی باسەکە ناچارین پێشەکییەک بهێنینەوە:

ئەگەر ژیانی مرۆڤ (واتە، ماوەی نێوان لە دایک بوون و مردن) بەدوو بەشی سەرەکیی پێش فێربوونی زمان و پاش فێربوونی زمان دابەش بکەین، ئەوا پێویستە بڵێین کە مرۆڤ لە هەر کام لەم دوو بەشەی ژیانیدا لەگەڵ چیدا «ئەمەئەو»و «نائەمەئەو»ە. ئەمەش هەوڵێکە لە پێناو ناسین و شیکاری و توێکاریی شوناسی مرۆڤدا؛ بەمەبەستی وەها کارێک بێگومان ناچارین پەنجە بخەینە سەر تیۆرە دەروونناسانە و دەروونشیکارانەکان سەبارەت بەکۆنەستی مرۆڤ و تەنانەت ئاوڕێکیش لە زمانناسی بدەینەوە.

هەروەک لە دەروونناسیی فرۆید و فەلسەفەی ئادۆرنۆ و بەتایبەت شیکاری لاکان و پاشان نیشانەناسیی ژوولیا کریستاڤا ئاماژەی پێکراوە مرۆڤ بەر لە فێربوونی زمان لەگەڵ دایک و جیهاندا «ئەمەئەو»ە و مرۆڤی بەرایی لە یەکەم قۆناغی بەدیهاتنیدا لەگەڵ جیهاندا «ئەمەئەو» بوو و، ئەمە نەک هەر لەنێوان منداڵ و دایک و جیهاندا لە ئارا دایە بەڵکو تەنانەت منداڵ بۆ خۆی بەشێکە لە گیانی دایک و جیهان. ئەگەر هەژدە مانگی یەکەمی ژیانی منداڵ بەسەر سێ قۆناغی شەش مانگیدا دابەشکەین ئەوا ئەو وتەیەی سەرەوە، بەتەواوی دەربارەی قۆناغی یەکەم ڕاستە و بەشێوەیەکی ناتەواو و پچڕپچڕ قۆناغی دووهەم ئەگرێتەوە و لە قۆناغی سێهەمیشدا یەکێتی نێوان دایک و منداڵ پەیتاپەیتا بەرەو نەمان و لەناوچوون ئەچێ، کە ئەمەش هاوکاتە لەگەڵ بڕینەوەی منداڵ لە شیری دایک. لەم قۆناغەدا کە دیسانەوە هاوکاتە لەگەڵ قۆناغی ئاوێنەیی، منداڵ لە ڕواڵەتی «ئۆبژە» بوون دەرباز ئەبێت و هاوکات لەگەڵ دەستپێکی

پرۆسەی فێربوونی زمان دەبێتە سووژەی ئەو زمانە.

خوێنەر پێویستە لەم شوێنەدا سەرنجی ئەو خاڵە بدات کە لێرەدا «سووژە» بەمانای «ناسکار»ی دیکارتی بەکارنەبراوە، بەڵکوو بەو شێوەیە بەکارهێنراوە کە بیرۆکە پاش بنەماخوازانەکان پێناسەی دەکەن. کەواتە، منداڵی تازە لە دایک بوو، منداڵی حەیواناتیتر و تەنانەت مرۆڤی بەرایی لە یەکەم قۆناغی بەدیهاتنندا (واتە، تەنانەت مرۆڤی بەر لە سەردەمی ئەشکەوتنشینی) هەر سێ لەگەڵ سروشتدا «ئەمئەو»ن. بیرۆکەی «دایکی سروشت» لە وەها ساتەوەختێکدا هاتۆتە گۆڕێ (لەناو زەینی ناهۆشیاری مرۆڤی بەراییدا).

لەلایەکی ترەوە، هەروەک پێشتر ئاماژەی پێدرا، بەبڕوای لاکان ئەو زمانەی منداڵ بەشێوەیەکی ناهۆشیارانە لە ماوەی قەیراناویی فێربوونی زماندا فێری ئەبێ لێواولێوە لە گرێی جینسی کە لە نەستی منداڵدا بیچم ئەگرێ، کەچی ئاڵتووسێر پێی وایە ئەو زمانە کە منداڵ فێری دەبێ (یان ئەو زمانەی هەوڵدەدرێ فێری منداڵ بکرێ و منداڵیش بەساکاری و بەبێ گرفت وەری دەگرێ) لە توخم و رەهەندە ئایدۆلۆژیکەکانی تایبەت بەو سیستەم و گوتارەی ئەو زمانە بانگەشەی بۆ دەکات پێکهاتووە. شوناسیش لە هەردوو تیۆرەکەدا، بەتایبەت لەوەی ئاڵتوسێردا، بەندە بەو توخم و رەهەندە ئایدۆلۆژیکانەی لەو زمانەدا ئامادەن. کورتی کەمەوە، منداڵ پێش فێربوونی زمان، لەگەڵ دایک و جیهان دا ئەمئەوە و وەکو سروشت ئۆبژەیە (لێرەدا مەبەست لە جیهان سەرجەم «بوون»ە) پاش فێربوونی زمانیش لەگەڵ زماندا «ئەمئەو»ە باشترە بڵێین، شوناسی منداڵ پێش فێربوونی زمان هەمان شوناسی سروشتە، واتە، منداڵ وەکو سروشت ئۆبژەیە و پاش فێربوونی زمان شوناسی مرۆڤ هەمان شوناسی زمانە، واتە مرۆڤ سووژەیەکە سەر بەزمان. کەواتە مرۆڤ لە سەرانسەری ژیانیدا لەگەڵ «سروشت» و پاشان «زمان»دا «ئەمئەو»ە و بەهۆی ئەم «ئەمئەوێتی»یەوە مرۆڤ لە سەرانسەری ژیانیدا خاوەن شوناسە[٢].



ئەوەی لە سەرەوەدا ئاماژەی پێدرا کورتەیەک بوو سەبارەت بەپێناسەی سووژە لە بیری پاش بنەماخوازانەدا؛ ئەو سووژەیەی کە پاش لێکۆڵینەوەکانی فرۆید زانیمان بەسەر دوو بەشی گەورەی هۆشیاری و ناهۆشیاریدا دابەشکراوە و بەشە ناهۆشیارەکەی لەویتر بەهێزتر و کاریگەرترە؛ ئەو سووژەیەی پاش تیۆرەکانی ژاک لاکان زانیمان کە بەتەواوی بەندە بەگرێی جینسییەوە بەشێوەیەکی تەواو ناهۆشیارانە؛ ئەو سووژەیەی پاش وتارەکانی ئاڵتووسێر زانیمان یەکسەر لەژێر کاریگەرێتی توخم و رەهەندە ئایدۆلۆژیکیەکانی نێو زماندایە؛ ئەو سووژەی پاش توێژینەوەکانی ژوولیا کریستاڤا زانیمان لە قۆناغی هێماییں دا ژیان بەسەر دەبات و مانا و مەدلوولەکانی نیشانە و دالەکان لە دەرەوەی زماندا بوونیان نییە؛ ئەو سووژەیەی پاش کتێبەکانی فۆکۆ زانیمان تەنانەت روانگەیەکی ناڕاستەقینەشی بۆ مێژوو هەبووە (لێرەدا بەئەنقەست لە بری ئاوەڵناوی «هەڵە» لە «ناڕاستەقینە» کەڵک وەرگیراوە) کەواتە، سووژە بەمانا پاش بنەماخوازانەکەی، مرۆڤێکە دابەشکراو و لەتبوو و شەقبردوو کە بەهۆی کاریگەرێتی زمانەوە و بەهۆی بەهێزتر بوونی ناهۆشیاری و نەست لە زەینی خودئاگا و هۆشیار ناتوانێ بەتەواوی خۆی لەو چەمکانەی نێو زمانەکەی خۆی جیا بکاتەوە، کەواتە ناتوانێ سەربەخۆ بێ.

لەلایەکی ترەوە، سووژەی ئەقڵانی بەپێچەوانەی سووژەی پاش بنەماخوازانە، مرۆڤێکە هەوڵی سەربەخۆبوون ئەدات، ئەو مرۆڤەی هەوڵ دەدات لە ئێپیستمەکانی گوتاری زاڵ و باوی پێش و هاوچەرخی خۆی دەرباز بێت. سووژەی ئەقڵانی مرۆڤێکە دابەش نابێت، چونکە هەر وەک دیکارت ئەڵێ لە «زەین» پێکهاتووە و «مادە» نییە. سووژەی ئەقڵانی مرۆڤێکی گومانکار و گومانکەر کە لە ئاکامدا و پاش رامانەکانی خۆی (رامانەکان بەرهەمی دیکارت) بەچەشنە یەقینێک دەگات. سووژەی ئەقڵانی ناتوانێ یاسا و رێساکانی پێش خۆی کە هەندێکیان رواڵەتی بیرەوەرییان هەیە پەسەند بکات و بە «چاک» بیاننرخێنێ. سووژەی

ئەقڵانی واتە ئەو مرۆڤەی بەرەو تاکایەتی و پاشان تاکخوازی و ئاوەزیاری و ئەقڵ خوازی پاش ئەقڵییەت هەنگاو هەڵدەگرێت. ئەو مرۆڤەیە کە سەرەڕای شیکاریی زانستە مرۆییەکان، هەوڵی بنیاتنان و تەئویلی زانستە بنەڕەتییەکان دەدات، بەمەبەستی ئەوەی کە لەلایەکەوە شێوە هەڵسوکەوتێکی لۆژیکی و ئاوەزیانە بگرێتە بەر و، لەلایەکی ترەوە، بەیارمەتی زانستە بنەڕەتییەکان بناغەکانی بەدیهاتن و کامڵبوونەوەی ئەرشیفی تەکنەلۆژیک دابمەزرێنێ (ئەرشیفی تەکنەلۆژیک ئەگەر نەگاتە قۆناغی هەناردن ئەو سووژەیە ناتوانێ خاوەن هاوسەنگیی دەروونناسانە و کۆمەڵناسانە و سیاسی بێت لە تەوەری چوارەمدا زیاتر تیشک ئەخرێتە سەر ئەم بابەتە).

من لە سەرەتاوە وا بیرم دەکردەوە کە مرۆڤی کورد لە قۆناغی هەنووکەییدا سووژەیەکی پاش بنەماخوازانەیە کە بەتەواوی لەژێر کاریگەرێتی چەندین ئایدیۆلۆژیای جۆراوجۆری ئامادە لە زمانی کوردی دایە، کەچی خاڵی سەرنجڕاکێش لێرەدا ئەوەیە کە مرۆڤی کورد تەنانەت نەیتوانیوە لە درێژایی مێژوودا هەندێ لەو ئایدیۆلۆژیاگەلە کوردیزە بکاتەوە بەقازانجی خۆی خوێندنەوەیەکی تازە و بەکەڵکی لێیان هەبێ. بەواتایەکی تر، مرۆڤی کورد بەهۆی ئایدیۆلۆژیا جیاجیا ئامادەکان لە زمانی کوردیدا هێشتا نەیتوانیوە لە باری دەرونناسانەوە و بەشێوەیەکی ناهۆشیارانە خۆی سەربەخۆ بکاتەوە، یان لانی کەم لە رادەی کاریگەرێتییان کەم بکاتەوە و شک و گومانیان تێدا بکات. مرۆڤی کورد لەبەرئەوەی کە بەقووڵی لەژێر کارتێکردنی ئەم ئایدیۆلۆژیایانەدایە، خاوەن هێز و وزەی خۆبژیو نییە و ئێستاکە من لەو باوەڕەدام کە ئەکرێ بوترێ کورد هێندەی چووەتە ناخی ئایدیۆلۆژیا جۆراوجۆرەکانی نێو زمانی کوردییەوە کە لەوانەیە لەبری ئەوەی ناوی «سووژەی پاش بنەماخوازانە»ی لێ بنرێ، باشتر وایە وەکو ئۆبژەیەکی هاتوچۆکەر لەبەرچاو بگیردرێ کە ئەگەرچی خاوەنی زمان و کەواتە شوناسە، بەڵام ئایدیۆلۆژیا جیاجیا و



ئامادەکانی نێو زمانی کوردی و کەواتە شوناسی کوردی بەتەواوەتی هۆشیاریی ئەم مرۆڤەی بردۆتە ژێر رکێفی خۆیەوە و ناهۆشیاریی کوردیی بەتەواوی داگیرکردووە و ئەمەش لە نەستی کوردیدا جێگیر بووە. کەواتە یەکەم داگیرکەری کورد خودی نەست و ناهۆشیاریی کوردییە و ئەگەر کورد لە باری کۆمەڵناسانە و سیاسییەوە نەیتوانیوە خاوەن شوناسێکی سەقامگرتوو بێت، ئەوا یەکێک لە هۆیەکانی ئەگەڕێتەوە بۆ ئەو واقعە شاراوەیەی کە کورد هێشتا لە باری دەروونناسانەوە نەیتوانیوە خۆی سەربەخۆ و یەکگرتوو بکاتەوە، هەڵبەت هەر لێرەدا پێویستە ئاماژەش بەوە بکەم کە وەها روانینێک بۆ کورد شێوەیەکی گشتی و گشتگیری لەخۆ نەگرتووە و هەندێ جار لە قۆناغە جیاجیاکانی مێژووی کورددا بەهۆی هەبوونی هۆشیاریی ئەدەبی و نیوە کۆمەڵناسانە و هۆشیاریی رۆشنبیرانە و بەدەگمەن هۆشیاریی فیکرییەوە توانیویەتی خۆی لە قۆناغی ئۆبژە بوون دەرباز بکات و رواڵەتی سووژەیەکی ئەقڵانی ناسکارێکی ئاوەزیار لەخۆ بگرێ کەواتە بەبیروبڕوای من، مرۆڤی کورد پێویستە خۆی لە ئایدیۆلۆژیا ئامادەکانی نێو زمان و شوناسی کوردی داتەکێنێ. لێرەدا دوو پرسیار قوت دەبنەوە: ئایدیۆلۆژیا ئامادەکانی نێو زمان و شوناسی کوردی کامانەن؟ ئاخۆ ئەکرێ لێیان دەرباز بین؟ (لە شوێنێکی تردا، بەشێوەیەکی ناتەواو و پچڕ پچڕ وەڵامی ئەو پرسیارانەم داتەوە)[٣]

سەرەڕای ئەو خاڵانەی سەرەوەش، پێویستە پەنجە بخرێتە سەر ئەو واقیعە کۆمەڵایەتییەی کە لە کۆمەڵگای هەنووکەیی کوردیدا، بنەما کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان رواڵەت و شێوەیەکی دیموکراتیکیان لەخۆ نەگرتووە و هەر ئەوەش دیسانەوە لە زمانی کوردیدا و لە نەستی مرۆڤی کورددا جێ پەنجەی داناوە و لە رەوتێکی درێژخایەنی بەردەوامدا بووەتە بەشێک لە ناهۆشیاری و نەستی کوردی. نەبوونی بنەما دیموکراتیکەکان لە پێکهاتەی کۆمەڵگای کوردیدا لە بنەماڵە و قوتابخانەوە بگرە تا دامەزراوە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان بەتەواوی هەست پێ دەکرێ. کەواتە ئەگەر

بمانەوێ باسی چەشنە ستراتیژییەکی تایبەت یاخود مەعریفەیەکی «کاربردی» بکەین بەمەبەستی ئەوەی کورد لە قۆناغی سووژە بوون بەمانا پاش بنەماخوازانەکەی یاخود لە رواڵەتی ئۆبژەی هاتوچۆکەر دەرباز بێت وخۆی لە ئایدیۆلۆژیا جیاجیاکان دوورخاتەوە، ئەوا پێویستە بڵێین کە لەم ساتەوەختەدا کورد ئەبێ شێوە روانین و شێوە هەڵسوکەوتی سووژەی ئەقلانی و ناسکاری ئاوەزیانە هەڵبژێرێت و بەو شێوەیە میتۆدۆلۆژیی خۆی بنیات بنێ، چونکو دەسەڵاتێکی تەواو دیموکراتیک و گوتارێکی کراوە لە قوتابخانە و بنەماڵە و دامەزراوە و سیاسەتی کوردیدا نابیندرێ و دەربازبوون لەو ئێپیستمانەی گوتارە جیاوازەکانی بەستێنی فیکری کوردییان پێک هێناوە بەنیشانەی سەرکەشی و رەنگە «شێتی» دابنرێ (بەو شێوەیەی فۆکۆ ئاماژەی بۆ کردووە).

خوێنەری ئەم گەڵاڵەیە پێویستە سەرنجی ئەو خاڵە گرنگ و چارەنووسازەش بدات کە مەبەست لە بەکارهێنانی زاراوەی «سووژەی ئەقلانی» تەنیا شێوەی هەڵسوکەوتی وەها سووژەیەکە، نەک خودی هەڵسوکەوتەکە، چونکە لەلایەکەوە وەها تێڕوانینێک پێوەندیی راستەوخۆی بەبابەتی «دیکتاتۆریی فیکری»یەوە هەیە و باسێکی فرەپاتی گوتاری فیکریی وڵاتانی جیهانی سێهەمە و، لەلایەکی دیکەشەوە، لێرەدا ئەبێ تیشک بخەینە سەر ئەوەی کە لە رەوتی بەسووژەبوونی مرۆڤی کورددا بەشێوەیەکی ئەقلانی، کارەساتەکانی ئەقلانییەتی سووژەی دیکارتی دووبارە نابێتەوە (بەو شێوانەی دواتر فرانکفۆرتییەکان رایانگەیاند). سووژەی ئەقلانیی دیکارتی خۆی بەناسکار دانا و هەر بەم بۆنەشەوە رۆژئاوای ناسکار نەتەوەکانی تری بەبەرناس لەقەڵەم دەدا. ئەگەرچی ئەم بەرناسە سەرەتا سروشت بوو و لە رەوتی مودێرنیزاسیون و گەورەبوونەوەی شارە ئەوروپییەکاندا و بەدیهاتنی کارگە و کارخانەی گەورە لە پەراوێزی شارەکاندا لە نێوەڕاست و کۆتایی ئەو رەوتەدا، واتە سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەم، بەڵام دەسەڵاتی مرۆڤی سووژە بەسەر سروشتی



ئۆبژەدا، هەروەک ئادۆرنۆ ئەڵێ: گۆڕدرا و بوو بەدەسەڵاتی سووژە بەسەر سووژەدا و، هەروەک هۆرکهایمر-یش ئەڵێ: «شەڕی ئەقڵ لەگەڵ ئەقڵدا». ئەمەش واتە ئاکامی دیالێکتیکی رۆشنگەری و کوشتنی مرۆڤ بەدەستی مرۆڤ. لەوەها قۆناغێک لە فیکری رۆژئاواییدا ئەقڵخوازیی پاش ئەقڵییەت گۆڕدرا و بەشێوەیەکی تیۆریک و تەنانەت بەهۆی «چەوت خوێندنەوە»ی بەرهەمەکانی توماس کار لایل و فردریش نیچە بوو بە «ئەقڵ ئامرازی» وەها کارەساتێک (بۆ وێنە، کارەساتەکانی سەردەمی هیتلەر-ی ئەڵمانی و موسیلینی-ی ئیتاڵی و ستالین-ی روسی فرانکۆ-ی ئیسپانی) بووە هۆی رەتکردنەوەی سووژەی «دیکارتی - بەیکێنی» هەم لەلایەن فەلسەفەکارانی قوتابخانەی فرانکفۆرت-ەوە و هەم لەلایەن بیرمەندە پاش بنەماخوازەکانەوە، بەڵام ئەگەر بیر لەو واقعە بابەتیانەش بکەینەوە کە ئەورۆکە تەنیا گەلی گەورەی ئۆبژەی جیهان گەلی کوردە و لە جیهانی ئەمڕۆدا هەموو گەل و نەتەوەیەک جگە لە کورد، بۆ خۆیان بەچەشنە سووژەیەک دادەنرێن و کورد ئەگەرچی خاوەن زمان و شوناسە، بەڵام لە گوتاری سیاسیدا هەر ئۆبژەیە، ئیدی کارەساتەکانی ئەقڵخوازیی رۆژئاوایی دووبارە نابێتەوە و کورد ناتوانێ بەسەر ناکوردا دەسەڵاتدارێتی بکات، چونکوو گەلانی تر بۆ خۆیان سووژەیەکی چەند لایەنەو فرە رەهەندن و ئەرشیفەکانیان لەوانەی کورد پڕ ترە. لە وەها قۆناغێکدا، واتە لە رەوتی بەسووژەبوونی مرۆڤی کورددا، تەنیا دەسەڵاتدارێتی کورد بەسەر کورددا روودەدات، کە کوردی یەکەم لێرەدا ئەو کەسەیە کە شێوەی هەڵسوکەوتی ئەقلانی هەڵبژاردووە و کێشەی شوناسی نییە، چونکە خود و ئەویدی ئەناسێ و پاشان بەبۆچوونی رەخنەگرانەوە سەیریان دەکات و ستراتیژیی خۆی دیاری دەکات و بەوپێیە قۆناغ ئەبڕێ و ، کوردی دووهەم ئەو مرۆڤەیە کە بەوێنەی سووژەیەکی پاش بنەماخوازانە بەتەواوەتی لەژێر کاریگەرێتی ئایدیۆلۆژیا جیاجیاکانی ئامادەی نێو زمانی کوردیدایە و یاخود رواڵەتی ئۆبژەیەکی هاتوچۆکەری لە خۆی گرتووە. لەم کێشە و ململانێ دەروونناسانە

و کۆمەڵناسانەدا کە بەشێوەیەکی دەروونی لە پرۆژەیەکی درێژخایەندا روودەدات، سووژەی ئەقڵانیی کوردی بەسەر ناهۆشیاریی کوردیدا سەرئەکەوێ، ئەو ناهۆشیارییەی لێواولێوە لە ئایدیۆلۆژیا جیاجیاکان و بەتەواوەتی هۆشیاریی کوردیی بردوەتە ژێر رکێفی خۆیەوە، هەڵبەت با لێرەشدا ئەوە بدرکێنم کە ئەگەر بەبۆچوونێکی رادیکاڵەوە ئەم کێشەیە بخوێنینەوە، لەوانەشە بڵێین کە قەت کێشەی نێوان هۆشیاری و ناهۆشیاریی کوردی یان شەڕی نێوان خودئاگا و ناخودئاگای کوردی لە گۆڕێدا نییە، چونکە ناهۆشیارییەکەی هێندە قوڵ و بەربڵاو و کاریگەر و پتەوە کە هۆشیارییەکەی بەتەواوی لەناو بردووە. لە ئاکامدا کورد بەم شێوەیە لە باری دەروونناسانە و پاشان کۆمەڵناسانەوە بەسەر خۆیدا سەرئەکەوێ و لەپاڵ ئەوەشدا، کورد تا قۆناغی گەیشتن بەدیمۆکراسی، کە لایەن و رەهەندێک لە رەوتی هەمەلایەنە و فرە رەهەندی مودێرنیزاسیۆنی کولتووری پێکدێنێ پێویستە وەکو سووژەیەکی ئەقڵانی هەڵسوکەوت بکات، واتە پێویستە ئەو چەشنە بیرمەند و بیرداڕێژانە بەرهەم بهێنێت کە چەمکەکانی «ئەقڵ خوازی و ئەقڵانییەت» «تاکخوازی و تاکایەتی» لە کۆمەڵگای کوردی تیۆریزە بکەنەوە . لەم پێناوەشدا زۆرتر لە جاران هەست بەگرنگایەتی «داهێنانی تیۆریک» ئەکەین جیا لەم میتۆدۆلۆژییە، تاکایەتی لە کۆمەڵگای کوردیدا تووشی قەیرانی مەعریفی و تیۆریک بووە و ئەمەش دەلاقە بۆ ئەو باسەش دەکاتەوە کە ئێمە لە بنەڕەتدا دەرهەق زانستە مرۆییەکان تووشیاری قەیرانی تیۆریکین. ئەم قەیرانە تیۆریکە لەبەرئەوی کە چارەسەر نەکراوە و یاخود گەر بەدەگمەن لەلایەن هەندێ بیرمەندوە تا رادەیەک چارەسەر کرابێ، ئەوا هێشتا نەگوازراوەتەوە بۆ قۆناغی کاربرد لەلایەن دەسەڵاتەوە. یەکەم دەرئەنجامی ئەم قەیرانە تیۆریکەش قەیرانی شوناسە لە ئاقاری پراکتیکی و کردەدا. سووژەی پاش بنەماخوازانە، بەپێچەوانەوە، تاکایەتی تێدا ونبووە و بەهۆی دەسەڵاتی ئایدیۆلۆژیکەوە تاکایەتی خۆی دۆڕاندووە و تووشی چەندین نەخۆشی



دەروناسانەی ئاشکرا و نائاشکرا بووە. کەواتە مرۆڤی کورد پێویستە سووژەی پاش بنەماخوازانە بناسێت هەم وەکو «خود»و هەم وەکو «ئەویدی» ، بەڵام نابێ لەو قۆناغەدا بمێنێتەوە، چونکە لە وەها شیمانەیەکدا کێشەی شوناسی کوردی ئاڵۆزتر دەبێتەوە. هەست دەکەم پێویستە ئەو خاڵە دووبارە بکەمەوە ئاکامە سەلبییەکانی شێوەی هەڵسوکەوتی ئەقڵانی لەناو کورددا، بەهۆی بەشێک لەو وتانەی سەرەوە، دووبارە نابێتەوە و تەنیا ئۆبژەیەک کە بۆ کوردی سووژەی ئەقڵانی دەمێنێتەوە هەمان سروشتی کوردستانە (جگە لە ئۆبژەیەکی تر بەناوی سووژەی پاش بنەماخوازانەی کوردی). مرۆڤی کورد لەگەڵ جیهانی دەوروبەری خۆیدا ئەمئەوە، واتە کورد لەگەڵ سروشتی کوردستاندا ئەمئەوە و ئێستاکەش تەنانەت بیرۆکەی دایکی سروشت لەناو کورددا بەشێوەیەکی کارا ماوەتەوە. ئەم مرۆڤە کوردەی ئەمئەو لەگەڵ کوردستان بەوێنەی هەمان مرۆڤی پێش فێربوونی زمانە. بەواتەیەکی روونتر، یەکێتی نێوان کورد و سروشتی کوردستان لە باری دەروناسانەوە و بەشێوەیەکی ناهۆشیارانە و بەگشتی تێک نەشکێندراوە، ئەمەش هۆی سەرەکیی بەدینەهاتنی زانستخوازی بەمەبەستی شوێن دانان لەسەر سروشتی کوردستانە و کەواتە هەروەک ئەبیندرێ ئێمە لە سروشتی کوردستاندا ئەرشیفی تەکنەلۆژیکمان نییە و ئەمەش واتە سەرنەگرتن و بەدی نەهاتنی یەکێک لەلایەنە هەرە بنچینەییەکانی مودێرنیزاسیون لە کوردستاندا. (هەڵبەت ئەمە هۆکارە ناوەکییەکەیەتی، هۆکارە دەرەکییەکان لە هەندێ نووسینی دیکەدا باسیان کراوە). هەروەک وترا، کورد لەگەڵ سروشتی کوردستاندا ئەمئەوە و هەروەک پێشتر ئاماژەی پێدرا، هەر ئەم کوردە لەگەڵ زمانی کوردیدا ئەمئەوە، کەواتە سروشتی کوردستان و زمانی کوردی و مرۆڤی کورد خاوەن یەک پێگە و یەک تایبەتمەندین. کەواتە زمانی کوردی هەمان سروشتی کوردستانە و سروشتی کوردستانیش هەمان زمانی کوردی، هەر بۆیەش کەم دەقی فەلسەفی بەزمانی کوردی نووسراوە، چونکە فەلسەفەکاری بەمانای

راستەقینە، پاش جیابوونەوەی مرۆڤ لە سروشت دێتە دی. واتە ئەو کاتەی سووژەی ئەقلانیی بەشێوەیەکی تەنیا و تاکە کەسی و بێ یارمەتی سروشت و دایک و یاخود میتافیزیک ئەیەوێ خۆی بناسێ و لە پێشکەوتنی خوددا هەنگاو هەڵبگرێ. لەپاڵ ئەوەشدا، بەهۆی بەدی نەهاتنی ئەرشیفی تەکنەلۆژیک لە کوردستاندا، زمانی کورد زمانێکی کشتیارانە و کەشاوەرزانە و جووتیارانەیە و لێرەدا پێویستیی هەندێ پرۆژەی تر وەک زاراوەسازی و ئەرشیفسازی لە رێگەی پرۆژەی تریبوونسازیی بابەتیانە و زانستییانەوە هەست پێ دەکرێ. وێڕای ئەمەش، ئەو باسەی سەرەوە بەناچار بەرەو لای بیرۆکەیەکمان دەبات کە دەکرێ وەکو «تێکشکاندنی بنەواشەی زمانی- سروشتی لە مەعریفەی کوردیدا» ناوی لێ بەرین (هیوادارم ئەم خاڵەی دوایی لە شوێنێکی تردا هەندێ وردتر ئاراستە بکەم).

لەلایەکی ترەوە، لە رەوتی کامڵبوونی سووژەی کوردی و دەربازبوون لە ئێپستمەکانی گوتاری زاڵدا دەوری سەرەکی و هەرە گرنگی «داهێنان» زۆرتر روون دەبێتەوە. لەوانەیە هیچ چەمکێک ئەوەندەی چەمکی «داهێنان» بۆ کورد لە قۆناغی هەنووکەییدا گرنگ نەبێت. ئەوەش بڵێین کە لێرەدا مەبەست لە «داهێنان» تەنیا «داهێنانی ئەدەبی» نییە و بەڵکو مەبەستی سەرەکی لە داهێنان لێرەدا هەمان «داهێنانی تیۆریک»ە کە زۆرتر لە دەقەری زانستە مرۆیی و بنەڕەتییەکاندا هەست پێ دەکرێ. «داهێنانی تیۆریک» لە زانستە بنەڕەتییەکاندا بنیاتنەری ئەرشیفی تەکنۆلۆژیکە و لە بواری زانستە مرۆییەکاندا ئەتوانێ بیرمەندی فەلسەفی بەرهەم بهێنێت، ئەو بیرمەندەی هەروەک وترا تاکخوازی و ئەقڵخوازی تیۆریزە دەکاتەوە. ئەوەی وترا بەدی نایەت مەگەر ئەوەی کە شێوە ڕوانینی سووژەی ئەقلانیی کوردی بۆ زمان و شوناس و سروشتی کوردی زۆرتر خۆی لەنێو دوو چەمکی «ئەمئەوێتی» و «نائەمئەوێتی»دا ببینێتەوە.

یەکێ لە دەرئەنجامەکانی ئەو دوو باسەی سەرەوە بریتییە لە بایەخدان



بەزمانێکی زانستی لەلایەن دەزگا سەر چەشنسازەکانەوە، چونکە ئەگەر ئەم زمانە لەلایەن ئەم دەزگایانەوە بەردەوام بەرهەم بهێنرێتەوە، دەچێتە نێو ناهۆشیاریی گشتییەوە و، هەر بۆیەش بەردەنگی ئێمە لەم گەڵاڵەیەدا ئەو دەزگایانەن کە لە هەناوی خۆیاندا هەڵگری خەسڵەتی بەرهەمهێنانەوەی بەردەوامی سەر چەشنەکانن- هەڵبەت لێرەدا بەپێچەوانەی تیۆرەکانی دکتۆر کارڵ گوستاڤ یونگ و بەپشت بەستن بەڕوانگە نیشانەناسانەکانی بیرمەندی هاوچەرخی ئیتاڵی، ئێمبێرتۆ ئێکۆ، سەر چەشن لە سەردەمی مۆدێرندا ئەتوانێ لە ڕەوتێکی نەک هێندە درێژخایەنیشدا، لە زەینییەتی مرۆڤدا بیچم بگرێ و، کەواتە ئەم دەزگا سەر چەشنسازانە ئەتوانن دەورێکی سوودبەخش و بەرچاو و کاریگەر لە کولتوورسازیدا بگێڕن. سەبارەت بەو باسانەی سەرەوەش، ئەگەر دامودەزگا سەر چەشنسازەکانی کۆمەڵگای کوردی بەگرنگیدان بەبەرهەمهێنان و بەرهەمهێنانەوەی زمانێکی زانستی، ڕواڵەتی جۆرێ سەرچەشن ببەخشنە زمانی زانستیی کوردی، لە ئاکامدا بنەواشەی زانستیبوون و بیرۆکەی زانستمەندیی دەبێتە بەشێک لە زەینییەتی تاکی کوردی و شوناسی کۆیی کوردی.

لەلایەکی ترەوە ئەگەر جۆرەکانی زمان لەم ڕوانگە تایبەتییەی ئێمەوە بەسەر سێ جۆر زمانی قسەکردن Spoken Language، زمانی نووسین Writ-ten و زمانی زانستی Scientific دابەش بکەین، لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا قەت ئاوڕ لە جۆری سێهەمی زمان بەشێوەیەکی بەربڵاو شێلگیرانە نەدراوەتەوە. زمانێک کە بابەتییانە بێت نەک زەینی. زمانێک لەو وشەو زاراوانەی هەڵگری باری ئایدیۆلۆژیکن پاک بکرێتەوە و دوور بخرێتەوە. ئەم ئایدیۆلۆژیایە سەلەفییەت یان بیرێکی بەبێ پاشخانی فیکری، چ ئایدیۆلۆژیای بورژواییانە بێ و چ ئایدیۆلۆژیای شیووعییەت، ئایدیۆلۆژیای حزبی یان تاقمخوازانە، ئایدیۆلۆژیای ئیسلامی رادیکاڵ یان عیلمانییەتی بەبێ فەلسەفە و... زمانێک بێت کە لە هەناوی خۆیدا بەرهەمهێنەری تاکایەتی و ئەقلانییەتی رەخنەگرانە بێت و، وەکو پێشمەرجێک، زمانێک

بێت خۆی لە یەکبوویی و ئەمەوێتی لەگەڵ سروشت دەرباز کات و دوو تایبەتمەندیی سروشتی بوون و زانستی بوون ئاوێتەی یەکتر نەکا. زمانێک بێت بەگشتی لە بیر و بیرۆکە گشتی بێژانە و ساکارسازانەکان دوور بێ کە هەردەم ڕێگر بوونە لە پێناو وەدیهاتنی خەسڵەتی پاژنوارین و وردەکاری لە زمان و شوناس و خوێندنەوەی کوردیدا. ئەو زمانەی هەستیاری و کەڵکەڵەی تایبەتی تێدا بێت بۆ هەڵبژاردنی وشەکان. ئەو زمانەی لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ لق و بوارە جیاجیا زانستییەکان (جێگای سەرنجی زانکۆکان و دەزگا زانستیی و توێژینەوەییەکان) خۆی ڕووبەڕووی زاراوە و چەمک و بیرۆکە زانستییانە بکاتە بەشێک لە ناخودئاگای کوردی لە پێناو بیرکردنەوەی فەلسەفی و گرتنەبەری هەڵوێستی ڕەخنەگرانەدا (ئەم خاڵەی دوایی، بەداخەوە، هەروەک لە چەند نووسینی دیکەشدا ئاماژەم پێ داوە، لە کوردستانی عێراق ڕەچاونەکراوە و بەبابەتێکی گرنگ دانەندراوە). ئەو زمانەی لەلایەکەوە بەمەبەستی زانستیی بوون خەسڵەتی «بابەتیبیانە» بوون تێیدا گەشە بکات و، لەلایەکی تریشەوە، بەمەبەستی بەدیهاتنی فەلسەفەکاری و دەرهەستکاری خەسڵەتی زەینی بوون پاژنوارینی تێدا بەرهەم بێت.

٢-گرنگیدان بەهاوکێشەگەلی جوانیناسانەی هاوچەرخ لە گوتارە کولتوورییەکاندا:

گرنگیدان بەهاوکێشەگەلی جوانیناسانەی هاوچەرخ بریتییە لە ڕووبەڕووبوونەوەی خود و دیاردەکانی خود بەشێوەیەکی هاوچەرخانە و جوانیناسانە. لێرەشدا جوانیناسی بەمانای زانست و شێوە ڕوانینێکی تایبەت نییە کە تەنیا لە هونەر و ئەدەب و هەندێ لقی تر وەک بیناسازی و پەیکەرسازیدا بەکار ئەبرێ، بەڵکو جوانیناسی لێرەدا مانایەکی بەربلاوتر ئەگرێتە خۆی و لە شێوە ڕوانینی کۆمەلایەتیی و تەنانەت سیاسیدا بەکارئەهێنرێت (لە بەشی یەکەمی پاشکۆی ئەم گەڵاڵەیەدا باسێک لەسەر جوانیناسی وەکو زانست و شێوە ڕوانینی هونەری و ئەدەبی



پێشکەش کراوە).

حاشا هەڵنەگرە بەمەبەستی مامەڵەکردن لەگەڵ خود و دیاردەکانی خود بەشێوەیەکی هاوچەرخانە پێویستە سەرەتا خودی کوردی و دیاردەکانی خودی کوردی بناسرێ و ئێمەش لێرەدا نامانهەوێ باسێک لەسەر خودناسی کوردی دابمەزرێنین، بەڵام ئەبێ لانی کەم ئاوڕ لەم خودناسییە لەسەردەمی مۆدێرنی کوردیدا و پتر لە سەدەی بیستەمدا بدرێتەوە. لێرەدا خودناسی بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ پێوەندی بەم باسەی ئێمەوە هەیە و باسی سەرەکی بریتییە لە چۆنییەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم خودناسییەدا کە وەک وتمان ئەبێ بەشێوەیەکی هاوچەرخانە بێت. هەڵبەت هەر لێرەدا ئەوەش بڵێین کە بەکارهێنانی ئاوەڵناوی هاوچەرخانە بەشێوەیەکی زەق و زۆپ لەم بەشەی نووسینەکەدا دەلالەت ناکاتە سەر دابڕان لە رابردوو بەشێوەیەکی تەواو و ڕەها. بەپێچەوانەوە، بەگرنگیدان بەکێشە هاوچەرخەکان پێویستە دوو توخمی «دابڕان» و «بەردەوامی» وەکو توخمی لێکدژ یان وەکو تێز و ئانتی تێز دابندرێن کە ئاکامی پێکهاتنی ئەم دوانە ببێتە هۆی سەرهەڵدانی سەنتێز کە لێرەدا سەنتێز بریتییە لە بەدیهاتنی گۆڕانکاری لە بەستێنی کۆمەڵگای کوردیدا. بەواتایەکی تر، لەم گۆڕانکارییانەی سووژە و شوناسی کوردیدا پێویستە هەردوو توخمی بەردەوامی لەگەڵ سوننەتی کوردی و دابڕان لە سوننەتی کوردی ڕەچاو بکرێ. ئەگەر چی ئەم بیردۆزە، ڕواڵەتێکی ساکار و کلاسیکی هەیە -بەشێوەیە لە لۆژیکی هیگلیدا دەرکەوتووە- بەڵام پێویستە لێرەدا بەتەواوی ڕەچاو بکرێ و بۆ ئەم مەبەستەی ئێمەش سوودمەندە. ئەورۆکە، مەخابن، لەلایەن دامودەزگا جیاجیاکانی کوردستانی عێراقەوە تەنیا گرنگی بەیەکێ لەم توخمانە ئەدرێ؛ واتە ئەم دەزگایانە یان خۆیان خستۆتە نێو چوارچێوەی سوننەت و بەرهەم و بیری سوننەتییەوە و لەگەڵ سوننەتی کوردیدا بەشێوەیەکی پڕاوپڕ ئەمەئەون و کەواتە لەگەڵ سوننەتی کوردیدا بەردەوامییان هەیە و هەر بەم بۆنەشەوە نەیانتوانیوە داهێنانی نوێ ئاراستەی سوننەتی کوردی بکەن

(زۆربەی ئەم دامودەزگایانە سەر بەحکوومەتی هەرێمی کوردستانن)، لەلایەکی تریشەوە ڕێوڕاست بەپێچەوانەی ئەوەی سەرەوە، هەندێ دەزگای کولتووری تایبەت و بچووکتر کە پتر لە تاقمە جیاجیا ڕۆشنبیرییەکان پێک هاتوون و بەشێوەیەکی ئەهلی بەڕێوەئەچن خێرا و بەپەلە خۆیان لە سوننەتی کوردی دوور خستۆتەوە و لە سوننەتی کوردی دابڕاون. ئەم دوو بۆچوون و کارکردەی سەرەوە کە دژی یەکیشن بەتاقی تەنیا ناتەواون و ئەتوانن یەکتر کامڵ بکەن. پێشم وایە بۆچوونی یەکەم، واتە ئەوەی لەگەڵ سوننەتی کوردیدا بەردەوام و ئەمئەوە، دەسەڵاتی زۆرتر و زاڵتری لەوەی دووەم هەیە کە پێویستە گۆڕانکاری تێدا بەدی بێت.

ئەگەر ئەو وتەیەی ئانتۆنی گیدێنز، مامۆستا و پسپۆڕی کۆمەڵناسی و ڕاوێژکاری سەرۆک وەزیرانی بریتانیا، ڕەچاوبکەین کە ئەڵێ «مۆدێرنیتە پرۆژەیەکی ڕۆژئاواییە نەک دیاردەیەکی ڕۆژئاوایی» بەدوو ئەنجامە ئەگەین کە یەکەم ئەوەیە پێویستە بیر لە پرۆژەی چۆنییەتی بنیاتنان یاخود پەرەپێدان بەمۆدێرنیتەی کوردی بکەینەوە و، دووەم تیشکی زیاتر بخەینە سەر سێ چەمکی سووژە و شوناس و گۆڕانکاری. بێگومان لەم پرۆژەیەشدا دوو بابەتی گرنگ هەن کە بریتین لە چەمک و دیاردە. ئەمانە هەر هەموو ئەبێ شی بکرێنەوە و سەبارەت بەپارادایمی پەرەسەندنی کولتووری بەکاربهێنرێن. لێرەدا لەو بابەتانە ناکۆڵینەوە و دیارە ئەوەش لە ساتەوەختی خۆیدا و بەتایبەت لە کاتی دابەزاندنی پارادایمەکەدا گرنگ ئەنوێنن، بەڵام درێژە بەو بابەتە لەسەر دوو توخمی دابڕان و بەردەوامی ئەدەین

بەشی هەرەزۆری کۆمەڵگای کوردی لەناو خانەی سوننەتدایە، بەڵام لێرەدا مەبەست لە سوننەت چییە؟ بێگومان ئێمە لە پێناسەکانماندا بەداخەوە، هەڵگری بۆچوونێکی سوننەتی بووینە بۆ پێناسەکردنی سوننەت. واتە ئێمە تایبەتمەندیی شوێنکاتیمان لە پێناسەی سوننەتدا لەبەرچاو نەگرتووە. هەر سەردەمێک سوننەتی تایبەت بەخۆی هەیە و بەپێی



بارودۆخی شوێنکاتی، سوننەت ئەگۆڕدرێ؛ کەچی لە گوتاریی زاڵی کوردیدا کە گوتاری بیری سەلەفیخوازە ڕوانگەیەکی سوننەتی بۆ سوننەت دەستەبەر کراوە. ئێمە پێمان وایە بەمەبەستی بەدیهاتنی گۆڕانکاریی پەرەئەستێن و بەربڵاو و بنەڕەتی پێویستە لە مامەڵە لەگەڵ سوننەتدا هەردوو توخمی دابڕان و بەردەوامی لەبەرچاو بگیردرێ. هەڵبەت بەردەوامی لەگەڵ سوننەتدا بریتییە لە خوێندنەوەی ڕەخنەگرانەی سوننەت کە لە ئاکامدا بەجۆرێ ڕەخنەی ئەخلاقی دەگەیێت و، ئەگەر چی لەوانەیە ئەم ڕەخنە ئەخلاقییانە لێکدی جیاوازبن، بەڵام لە ئەنجامدا کۆمەڵێ نەریتسازیی فیکری دەهێننە گۆڕێ کە بەوپێیە ئەکرێ باس لەنەریتە مەعریفە ناسانە جیاجیاکان بکرێ لە بەستێنێکی کوردیدا. پێویستە دووبارەی بکەینەوە دەزگا سەرچەشنسازەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق و بەتایبەت دەزگا حوکمی و حیزبییەکان پتر گرنگیان بەتوخمی بەردەوامی داوە، کەچی ئەگەر بەردەوامی، توخمی دابڕان و پچڕانی لەگەڵدا نەبێت، مردووە.

هەڵبەت وەک پێشتر ئاماژەی بۆ کرا، بناخەی ئەم بیرۆکەیە کە بەشێوەیەک لە شێوەکان بیرکردنەوەیەکی دیالیکتیکیە بۆ خۆی ڕووبەڕووی هەندێ ڕەخنە دەبێتەوە و، لە مێژوویی ڕۆژئاوادا لە هەندێ قۆناغدا ڕەچاوکردنی ئەم بیرۆکانە هەندێ ئاکامی سەلبی لێ کەوتۆتەوە. پێویستە بەردەوام ئەوەمان لە یاد بێ، بیرکردنەوەی دیالکتیکی کاتێ سەرهەڵدەدا کە لەسەر ئەندێشە و هزر و کردار و پێوەندییە مرۆییەکان باس دەکەین و، کەواتە پێویستە لەم گەڵاڵەیەدا جگە لە بیری دیالکتیکی ڕووبەڕووی بیری بابەتی نەگەتیڤ ببینەوە کە لەسەرجەم مێژووی تیۆری ڕەخنەگرانەدا بیرۆکەیەکی گرنگ و شایانە؛ واتە نابێ بەمەبەستی بنیاتنانی پارادایمێکی تازەی کولتووریی هەر تەنیا پشت ببەستین بەبیرۆکەی ساکار و کلاسیکی دیالکتیکەوە. لێرەشەوە هەردوو بۆچوونی "بەردەوامی و دابڕان" لەگەڵ سوننەتدا کە لەلایەن دەزگا سەرچەشنسازە حوکمی و حیزبی و یاخود

ئەهلییەکانەوە گیراونەتە بەر ئەبێ بەچاوێکی ڕەخنەگرانەوە بخوێندرێنەوە و، لە داهێناندا – نەک تەنیا داهێنانی ئەدەبی، بەڵکو لێرەدا مەبەست پتر داهێنانی تیۆریکە لە پێناو چارەسەرکردنی قەیرانی تیۆریک لە زانستە مرۆیییەکاندا و لە بەستێنێکی کوردیدا – ئەبێ واقیعی کوردی بەرچاوکردنی ئەو دوو خاڵە بخوێندرێتەوە.

جگە لەو باسانەی سەرەوە، لە گرنگیدان بەهاوکێشە جوانیناسانە هاوچەرخانەکاندا پێویستە خۆمان بەجۆرێ ڕووبەڕووی خود و دیاردەکانی خود بکەینەوە کە نەچینە نێو خانەی بیری ڕابردووخوازانەی لایەنگرانی سوننەت لەلایەکەوە و، بیری نوێخوازانەی دابڕاو لە سوننەت لەلایەکی ترەوە. لێرەشدا دیارە خود و دیاردەکانی خود کە کۆی واقیعە کۆمەڵایەتی و کولتووری و تەنانەت سیاسییەکانی ئێستای گوتارە جیاجیا کوردییەکان پێک دێنن لەوەی ساڵانی پێشوو بەتەواوی جیاوازە و، کەواتە دەسەڵاتی حوکمی کە لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا بەندە بەدەسەڵاتی حیزبییەوە، ئەبێ بەهەمان شێوەی پێشووی هەڵسوکەوت ڕووبەڕووی واقیعە جیاجیاکان نەبێتەوە و بەشێوەیەکی هاوچەرخانە ئاوڕ لەم واقیعانە بداتەوە و، هەر ئەم خاڵەش پێویستە لەلایەن دامودەزگا سەرچەشنسازەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەتەواوەتی ڕەچاو بکرێ.

گرنگی نەدان بەڕەچاوکردنی هاوکێشەگەلی جوانیناسانەی هاوچەرخ، وێستاوی و نەگۆڕیی کولتووریی بەدواوەیە و، دووبارەبوونەوەی شێوە ڕوانینە پێشووەکان بۆ ئەدەب و هونەر و فیکر و سیاسەت بەرهەم ئەهێنێتەوە و، لە وەها ساتەوەختێکدایە کە هیچ چەشنە گۆڕانکارییەک لە بەستێنە کولتوورییەکاندا نایەتەدی (لە تەوەرەی سێهەمی ئەم گەڵاڵەیەدا زۆرتر لەم بابەتە کە بریتییە لە کێشەی ڕابردووخوازی لە شوناسی کوردیدا کۆڵدراوەتەوە).

ئەمڕۆکە بەشێوەیەکی پێویست و شیاو ئاوڕ لە هاوکێشەی جوانیناسانەی هاوچەرخ نادرێتەوە و خاڵی سەرنجڕاکێش لێرەدا ئەوەیە کە زۆربەی



بەڕێوەبەران و بەرپرسان و کارگێڕانی دەزگا کولتوورییەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا هەر بەهەمان شێوەی هەڵسوکەوت و بۆچوونی هەفتاکان ڕووبەڕووی دیاردە جیاجیاکان و واقیعە جیاوازەکانی ئێستا دەبنەوە و چۆنییەتی بۆچوونەکان و چۆنییەتی کردەکان و چەشنی تایبەتی ئاراستەکان لەم دەزگایانەدا گۆڕانکارییان بەسەردا نەهاتووە و، هەر بۆیەش ئێستا هەست بەقەڵشت و دابڕانێک دەکرێ لە نێوان ئەو بەڕێوەبەران و بەرپرسانە لەلایەکەوە نەوەی گەنجی کوردستانی عێراق لەلایەکی ترەوە، ئەم دیاردەیەش لە ئاقارە جیاجیا کۆمەڵایەتی و ئەدەبی و هونەرکارییەکاندا هەست پێ دەکرێت.

٣- پەرەسەندنی شوناسی ڕۆشنبیرانە و دەوری چوار وتەزای "کات"، "شوێن"، "خود"، "ئەویدی" لەم ڕەوتەدا:

ئەگەر سەرنجی ئەو خاڵە بدەین کە هەردوو زاراوەی «شوناس» و «ئەمئەوێتی» لە زمانە ئەوروپییەکاندا بەیەک شێوە و لە ڕواڵەتی زاراوەی Identityدا بەکارئەهێنرێن، لەوانەیە تۆزێ زیاتر لە هەقیقەتی پێوەندیی نێوان دوو وتەزای شوناس و ئەمئەوێتی نزیک بینەوە (ئەمئەوێتی لە زمانی لۆژیکی عەرەبیدا بەشێوەی «هو هو» دێتە بەکارهێنان). واتە شوناس بەردەوام لەگەڵ هەندێ چەمک و دیاردە و سیفەت و وتەزای دیکەدا «ئەمئەو»ە و، یەکەم هەنگاوی پێویست لە ناسینی شوناسدا بریتییە لە ناسینی ئەو وتەزاو سیفەتانەی لەگەڵ ئەو شوناسەدا یەکانگیرن. لەلایەکی تریشەوە، مرۆڤ لە سەرتاسەری ژیانیدا و بەهۆی ئامادەبوونی دەسەڵاتی زمانەوە خاوەن شوناسە و، کەواتە دەستەواژەی «مرۆڤی بێ شوناس» کە زۆرتر لە زمانی فارسیدا بەشێوەی (انسان بی هویت) بەکارئەهێنرێ بەڕاستی و لە بنەڕەتدا هەڵەیە و، هیچ مرۆڤێک بێ شوناس نییە، چونکە هیچ مرۆڤێک بێ زمان نییە. لێرەدا مەبەست لە زمان، بۆ نموونە زمانگەلی کوردی و فارسی و عەرەبی و ئینگلیزی و... نییە کە لە سێ توخمی سینتاکس (واتە، ڕێزمان و بنەمای زمان)، سیمانتیکس

(واتە، مانا و واتاناسیی زمان) و فۆنێتیکس (واتە، دەنگناسیی زمان) پێکهاتوون، بەڵکو زمان لێرەدا ئەو کیانە گشتگیر و فرە ڕەهەندەیە کە دەسەڵاتی بەسەر زەینییەتی تاکدا هەیە و لە ناهۆشیاری و ناخودئاگای مرۆڤدا ئامادەیە. شوناس بەتەواوی بەندە بەزمانەوە و یەکێک لە پێشمەرجەکانی ناسین و خوێندنەوەی شوناس، ناسین و خوێندنەوەی زمانە. هەروەک وترا، لێرەدا مەبەست لە زمان ڕێنووس و ڕێزمان و زاراوەناسی Dialectology و دەنگناسی کە جەماعەتێکی زۆری لەلای ئێمە بەخۆیەوە سەرقاڵ کردووە و لەم بوارەشدا گەلێ کتێب و گوتار و نامەی زانکۆیی و نامیلکە نووسراوە. بەپێچەوانەوە، لێرەدا مەبەستی سەرەکی لە ناسینی زمان لە پێناو ناسینی شوناسدا بریتییە لە ناسینی توخم و ڕەهەند و بناغە و بارە ئایدۆلۆژیکەکانی زمان. بەداخەوە، ئێمە تاکو ئێستا لێکۆڵینەوەیەکی بابەتییانە و مەیدانییمان لەسەر ڕەهەندە جیاجیا ئایدۆلۆژیکەکانی زمانی کوردی و چۆنایەتی و تایبەتمەندیی بناغە ئایدۆلۆژیکە باو و زاڵەکانی مێژووی کۆمەڵایەتیمان لە بەردەستدا نییە تاکو لەم ڕێگەیەوە بتوانین بەشێوەیەکی زانستیتر و بڕواپێکراوتر لە شوناسی کوردی بکۆڵینەوە. لێرەوەیە کە تادێ بایەخی دەروونناسی بۆ خوێندنەوەی زەینییەتی تاکی کوردی و نرخی کۆمەڵناسی بۆ خوێندنەوەی کۆمەڵگای کوردی زۆرتر لە جاران هەست پێ دەکرێ و، ئەم بابەتە پێویستە ببێتە یەکێ لە ئاراستە سەرەکییەکانی پرۆژە و بەرنامەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق.

بەڵگەنەویستە شوناسی کوردی لە ئەمئەوێتی و نائەمئەوێتی لەگەڵ کۆی ڕەهەندە ئایدۆلۆژیکەکانی زمان و کیانی ئێمەدایە و، لەبەر چەندین هۆکاری ناوەکی و دەرەکی کە لێرەدا مەودای باسکردنیان نییە کورد نەیتوانیوە خۆی لەو ڕەهەندانە دەرباز بکات و، لانی کەم نەشمان توانیوە خوێندنەوەیەکی نوێ و ئیمرۆژیانەمان لێیان هەبێت، ئەو خوێندنەوەیەی بەکەڵکی ئێمە بێت. لەلایەکی ترەوە، زۆربەی ئەندامانی دەسەڵاتداری



گروپە جیاجیا ئایدلۆژیکەکانی ئامادە لە واقیعی کوردیدا- دەسەڵاتدار بەهۆی هەبوونی تریبوون و توانای شوێندانان لەسەر زەینییەتی جەماوەر- بۆ خۆیان بەڕێوەبەری ئایدیۆلۆژیایەکن کە لەلایەن کەس یان کەسان و قوتابخانەیەکی دیکەوە بەرهەمهێنراون و، لەوانەیە ژمارەیەکیان قەت ئاگاداری کێشەکانی کورد نەبووبێتن. ئەم دەسەڵاتە ئایدۆلۆژیکانە بەردەوام ڕەهەندی ئایدۆلۆژیک دەخولقێنن و، وەک ئێمبێرتۆئێکۆ پێی وایە، لە ڕەوتێکی تا ڕادەیەک کورتخایەندا دەست دەکەن بەخولقاندن و بەرهەمهێنانی هەندێ سەر چەشنی تایبەت و ئەم سەرچەشنانە بەشێوەیەکی بەربڵاو لە پرۆسەی شوناسسازیی ئەو دەسەڵاتەدا دەوری سەرەکی ئەگێڕن. ئەم توخم و ڕەهەندە ئایدۆلۆژیکانە لەم ڕێگایەوە دەچنە نێو ناخودئاگای ئێمەوە و ئێستاکە بەشێکن لە کۆنەستی ئێمە. ڕادەی کاریگەرێتی ئەم ڕەهەندانە هێندە قووڵ و بەربڵاوە کە دەشێت بڵێین کوردی لە پێگەی سووژەی پاش بنەماخوازانەوە گۆڕیوە بۆ مرۆڤێکی شێوە ئۆبژەی هاتووچووکەری خاوەن زمان و شوناس.

ناهۆشیاری مرۆڤی کورد لە ژێر سێبەری دەسەڵاتی ئەم ڕەهەندە جیاجیا ئایدۆلۆژیکەکانەدایە و، لە باری دەروونناسانەوە«خود»ی ئەقڵانی وخودئاگای کوردی نەیتوانیوە بەسەر ناهۆشیاریی خۆیدا زاڵ بێت. یەکێک لە هۆکانی سەربەخۆ نەبوونی کورد لە باری سیاسییەوە ئەگەڕێتەوە بۆ ئەو واقیعە شاراوەیە کە کورد هێشتا لە ڕووی دەروونناسانەوە نەیتوانیوە خۆی سەربەخۆ بکاتەوە و خۆی لە بازنەی دەسەڵاتی ئەو ڕەهەندە ئایدۆلۆژیکیانەی لە ناخودئاگایدا جێگربوونە دەرباز بکات. یەکێک لە ئاکامەکانی ئەم دیاردەیە و، بەسەرنجدان بەبەهێزتر بوونی زەینی ناخودئاگا لە زەینی خودئاگا بەپێی تیۆرە دەروونناسەکان، ئەمەیە کە کورد نەیتوانیوە لە ڕێگەی بەکارهێنانی هەر ئەم خودە ئەقڵانییەوە بگاتە ئاستی بەرهەمهێنانی فیکرەی تایبەت و داهێنانی تیۆریک بەمەبەستی خوێندنەوەی خود و دەوروبەری . لەپاڵ ئەمەشدا، سەرنجڕاکێشە گەر بزانین

هەر ئەم هۆکارە چارەنووسسازە بۆتە سۆنگەی تیۆریزە نەکردنی چەمکگەلێک وەک ئازادی عەدالەت، تاکخوازی و لە سەرووی هەموویاندا چەمکی جوانیناسی لە زمانی کوردیدا.

**ئا/ کات**

کات و چۆنییەتی تێڕوانین بۆ ئەم پاڕامێترە چارەنووسسازەی پێکهاتنی شوناسی ڕۆشنبیرانە خاڵێکی جەوهەری لە باسەکەی ئێمەدا پێک دێنێ. سەرەتا پێویستە لەو خاڵانە بکۆڵینەوە کە بەجۆرێ تەعبیر لە کات دەکەن؛ واژەگەلێک وەک هەنووکە، نها، هاوچەرخ، ئێستا، مۆدێرن، ڕابردوو، مێژوو، تازە، نوێ و هتد. بەڕاستی وەکو نموونە ، مەبەست لە هاوچەرخ لە گوتارە جیاجیا کوردییەکاندا چییە؟ ئاخۆ ئەو واقیعە داچڵەکێنەرە هەست پێ ناکرێ کە ئەوڕۆکە لەلایەن هەرکام لە ڕاگەیێنەرە گشتییەکانەوە پێناسەیەکی جیاواز لە «هاوچەرخ» ئاراستە ئەکرێ؟ مەبەستمان لە «ئێستا» چییە؟ بەڵگەنەویستە هەرکام لە ڕاگەیێنەرەکانی ئێمە بەپێی شێوەڕوانینی خۆیان وەڵامێکی تایبەتمان ئەدەنێ و بەم چەشنە دیسانەوە بەشێوەیەک دێتە گۆڕێ. بەواتایەکی تر، ئەو گوتارەی کە بانگەشە بۆ یەکگرتووی دەکات بۆ خۆی بەهۆی نەبوونی ئەندام و کادیری زانستی و ئەکادیمیکەوە دەوری سەرەکی هەیە لە پەرەپێدانی پشێوی لە، لانی کەم، گوتاری زانیاریی گشتی ئێمەدا. ئەوەش دیسانەوە وەبیر ئەو واقیعە هەژێنەرەمان دەخاتەوە کە زۆربەی لایەن و حیزبەکانمان خاوەن ئەندامی زانستی و ئەکادیمیک نین و بەشێوەیەکی ڕووکەشیانە لە دیاردەکان و بەرنامەکان -ئەگەر بەرنامەیەک لە ئارادا بێت- ئەکۆڵنەوە. دیاردەیەکی وا ئاڵۆز، واتە ئەو دیاردەیەی کە هەر کام لە ڕاگەیێنەرە گشتییەکانمان بەشێوەیەکی جیا لەویدی هەندێ وتەزای گرنگ بەکارئەهێنن کە خۆی لە خۆیدا بۆتە هۆی سەرهەڵدانی ڕەهەندی سەپێندراو لەناو پێکهاتەی شوناسی کوردیدا. دوو هۆکاری پەرەپێدەری ئەم ئاڵۆزییە بریتییە لە



دیاردەی حیزبایەتی لە کوردستانی عێراق و دیاردەی جەناحی کردنەوەی کولتوور بۆ بەرژەوەندی جەناحە سیاسییەکان لە کوردستانی ئێراندا. لە کوردستانی عێراقدا هەرکام لە حیزبەکان بەشێوەیەکی جیاواز هەندێ وتەزای فرە پات بەرهەم ئەهێننەوە کە ئەم جیاوازییە سەبارەت بەوتەزاکان بۆ خۆی دەچێتە نێو زەینییەتی وەرگرەکانەوە. بۆ نموونە، گرنگیدان بەڕابردووی حیزب و مێژووی حیزب لەلایەن حیزبە جیاجیاکانەوە لەلایەکەوە جۆرێ بەردەوامی لەگەڵ سوننەتی حیزبدا ئەنوێنێتەوە و، لەلایەکی ترەوە هەر ئەم بەردەوامییە ڕێگرە لە پێناو بەدیهاتنی نوێکاریی و بۆچوون و ئیستراتیژی نوێ سەبارەت بەقۆناغی هەنووکەیی. هەروەک پێشتریش وتمان، ئەگەر بەردەوامی لە گۆڕانکاریدا توخمی دابڕانی لەگەڵدا نەبێ، مردووە. سەرەڕای ئەمەش ئەم جیاوازییە لە بەکارهێنانی وتەزاکاندا هەرگیز نەبۆتە بابەتێکی فیکری کە بەوپێیە لایەنە جیاجیاکان بەشێوەیەکی تیۆریک ئاراستە بکرێن. هەر بۆیە ئەم لایەنانە بەشێوەیەکی هۆشیارانەوە باس لە یەکگرتوویی دەکەن و بەشێوەیەکی ناهۆشیارانە و بەبێ ئەوەی هەستی پێ بکەن دەوری سەرەکی دەگێڕن لە بەدینەهاتنی «یەکگرتوویی»دا (لایەن و حیزبەکانی ئێمە نەیانتوانیوە کادیری زانستی و ئەکادیمیک، لەناو خۆیاندا پەروەردە بکەن و زۆربەی دەسەڵاتدارانی ناو ئەو لایەنانە، بەتایبەت ئەوانەی ڕاگەیێنەرە گشتییەکان، نەخوێنەوارن و لەوانەشە ئاگایان لەم باسانە نەبێ و هەر بۆیەش بەهەمان بۆچوون و ڕوانگەی سالانی پێشووەوە ڕووبەڕووی دیاردەکان دەبنەوە.

لە لایەکی ترەوە کێشەی ڕابردووبینی و ڕابردووخوازی یەکێکی تر لەو کێشە هەرە بنەڕەتییانەی شوناسی کوردی پێک دێنێ کە پێویستە ئاوڕی لێ بدرێتەوە. چەشنە ڕابردووخوازی و ڕابردوو بینییەک لەناو گوتاری حوکمیی کوردیدا هەست پێ دەکرێ کە دزەیکردۆتە نێو هەموو بوارەکانی ژیانەوە و لە سیاسەت و هونەر و هزری کوردیشدا بەتەواوی دەبیندرێ. ئاکامی ئەم ڕابردووخوازییە، ئەمەیە کە کورد بۆ نموونە، خاوەنی سیاسەتی

هاوچەرخ بێت و بەڵام سیاسەتی ئێستای نەبێت، خاوەنی هونەری هاوچەرخ بێت و، بەڵام هونەری ئێستا نەبێت، یان بۆ نموونە مۆسیقا و ئەدەبی هاوچەرخی هەبێت و، بەڵام لە باری مۆسیقا و ئەدەبی ئێستاوە لاواز بێت (زۆربەی بەڕێوەبەرای ڕاگەیێنەرە گشتییەکان نەک هەر جیاوازیی نێوان ئەم وتەزایانە لە باری واتایی و تیۆریکەوە هەست پێ ناکەن، تەنانەت دەوری سەرەکیش لە شێواندنی ئەم وتەزا گرنگانەدا ئەبینن کە لە ئەنجامدا جۆرێ شێواندن لەناو زەینییەتی تاکەکەسی و شوناسی کۆییدا ئەخولقێنێ). تریبوونە کوردییەکان نەیانتوانیوە هاوکێشەیەکی جوانیناسانە و لۆژیکی و پتەو لەگەڵ «هەنوکە»دا ساز بکەن و هەر بەم بۆنەشەوە پاڕمیتری «ئێستەییەت» تا ڕادەیەکی زۆر تیایاندا وەلانراوە. تریبوونە کوردییەکان هەر بەم شێوەیە، خۆیان لە ڕابردووی خەڵک نزیک کردۆتەوە و، هەر بەم بۆنەشەوە لە ئێستای گەنجی کورد دوور کەوتوونەتەوە. ئەوەتا کێشەی شوناس زۆرتر لە چینی تازە و گەنجەکانی کۆمەڵگای کوردیدا هەست پێ دەکرێ و، مرۆڤی بەساڵاچووی کورد، تا ڕادەیەکی زۆر، دەکرێ بووترێ ڕووبەڕووی کێشەی شوناس بەم چەشنە نەبۆتەوە.

## ب/ شوێن

شوێن بەپێچەوانەی «کات» لە دیاریکردن و پتەوکردنی شوناسی کوردیدا دەورێکی ئیجابی دەگێڕێ. واتە جگە لە ناوچە تەعریبکراوەکان و، چەند نموونەیەکی تر کورد تا ئێستا لە وڵاتی خۆی بەزۆر و گوشارەوە دوور نەکراوەتەوە (جگە لەو نموونەیانەی وەک کۆچی مێژوویی کورد بۆ خوراسان یان داستانی پەڕینەوە لە ئاراس و یاخود کۆڕەوەکەی ڕاپەڕین). هەر بەم بۆنەشەوە پاڕمیتری«شوێن» توانیوویەتی بەشێوەیەکی ئاسایی و ڕاستەوخۆ دەوری سەرەکی لە شوناسی کوردیدا بگێڕێ. واتە مرۆڤی کورد لە شوێنێکدا دەژی ناوی کوردستان.



ئەم وتەییەی سەرەوە واتە «کورد لە شوێنێکدا بەناوی کوردستان دەژی» خۆی لەخۆیدا ڕستەیەکی شاراوە و گرفتسازە، هەرچەندە ڕەنگە بۆ زۆر کەس وەکو ڕستەیەکی ئاسایی بێتە بەرچاو. ئەم ڕستەیە لەبەرئەوە لەلایەکی ترەوە کە دەڵێین «کورد لە شوێنێکدا دەژی بەناوی کوردستان»، ئەکرێ دوو مانای سەرەکی لێ بکرێتەوە: واتە، کوردی دانیشتووی کوردستان لەگەڵ نیشتیمانی کوردیدا ئەمئەوە کە لایەنی بەرهەستی ئەم نیشتیمانە سروشتی کوردستانە و، شوناسی کوردی لێرەدا پێویستە لەنێوان ئەمئەوێتی و نائەمئەوێتی مرۆڤی کورد لەگەڵ سروشتی کوردستاندا بخوێندرێتەوە. سروشتی کوردستان بەردەوام دەوری (دایک)ی بۆ کورد بینیووە و ئەمەش لەلایەکەوە بیرۆکەی دایکی سروشت لە خوێندنەوەی شوناسی کوردیدا بەرجەستە ئەکاتەوە و لەلایەکی تریشەوە ئەو هۆکارە سیاسیانەی واقیعی کوردیمان زیاتر بۆ دەردەخەن. بە وەپشتگوێ خستنی واقیعە سیاسییەکان و سەرنجدان بەواقیعە ناوەکییە زەینییەکان پێویستە بووترێ کورد نەیتوانیوە یەکێتی نێوان خۆی و سروشتی کوردستان لەناوبەرێ و بەسەریدا زاڵبێ و بەم شێوەیە ئەرشیفێکی پیشەسازانە بۆ خۆی بنیات بنێ کە ئەمەش دیسانەوە بەندە بەواقیعی گوتاری سیاسییەوە کە لەلایەکەوە لەبەر هۆکاری دەرەکی نەیتوانیوە وەها ئەرشیفێک دامەزرێنێ و، لەلایەکی تریشەوە، بۆ خۆی هەڵگری وەها پرۆژەیەک نەبووە. کەواتە، هەرچەندە لەوانەیە ئەنجامەکەمان ڕادیکاڵ بێ، بەڵام ئەبێ بڵێین کورد کە هێشتا ڕواڵەتی سوژەیەکی ئەقڵانی و هۆشیاری لەخۆی نەگرتووە ڕێوڕاست وەک خودی سروشتی کوردستان لە قۆناغی ئۆبژە بووندا ماوەتەوە و زۆر جار هەردووک مرۆڤی کورد و سروشتی کوردستان لەلایەن سوژەیەکی ناکوردییەوە خراونەتە ژێر دەسەڵات و، چەوسێنراونەتەوە.

لە ڕەوتی بیچمگیریی سوژەی ئەقڵانیی کوردی و مسۆگەر بوونی شوناس ڕۆشنبیرانەی کوردیدا تەنها ئۆبژەیەک کە بۆ کورد دەمێنێتەوە سروشتی کوردستانە و، لەم ڕەوتەدا یەکێتی و ئەمئەوێتی نێوان مرۆڤی کورد و

سروشتی کوردستان ئەگۆڕدرێ بۆ نا ئەمنەویتی. ئەمەش ئەو ڕەوتەیە وڵاتانی پێشکەوتوو بەسەریدا تێپەڕیوون. شوناسی کوردی ئەگەرچی خاوەنی پاڕامیتری ئیجابی شوێنە، بەڵام پێویستە بڵێین ئێمە بەردەوام بایەخمان بەم پاڕامیترە داوە و خۆمان بەشێوەیەکی شێلگیرانە ڕووبەڕووی پاڕامیتری کات نەکردۆتەوە؛ واتە، ڕاستە کورد لە شوێنێکدا بەناوی کوردستان دەژی، بەڵام کورد لە کوردستاندا لە چ قۆناخێکی مێژوویدا دەژی؟

### ج/ خود

خود نیوەی دوانەی (خود – ئەویدی) پێکدێنێ و ئەم دوانەیەش وەک دوانەی (شوێن – کات) کە لە سەرەوە باسیان کرا دەوری سەرەکی لە دیاریکردنی شوناسدا دەگێڕن. لە زمانی ئینگلیزیدا (خود)بە دوو شێوەی Ego و Self دێتە بەکارهێنانن و هەندێ جار بەشێوەی Psyche بەکار ئەبرێ. مەبەست زۆرتر دوو چەشن خودە کە یەکیان دەرهەستە و یەکیان بەرهەست، یەکیان هۆشیارە و یەکیان ناهۆشیار، یەکیان کارایە و یەکیان ناکارا. کوردیش خاوەن دوو چەشن خودە، خودێکیان هۆشیار و دەرهەستە کە بەتەواوی ناکارایە و، خودەکەی دیکەش ناهۆشیار و دەرهەستە کە بەتەواوی کارایە. ئەگەرچی خوێندنەوەی هەردوو چەشنەکە پێویستە، واتە ئەگەرچی پێویستە هەردوو خودەکە بناسێندرێ و پاشان کوردی خاوەن مەعریفە و ناسینێکی پتەو ڕوانگەی ڕەخنەگرانەی هەبێ سەبارەت بەهەردوو خودەکە، بەڵام وەک ئەبینێدرێ، چەشنە جیاجیاکانی هۆشیاریی ڕۆشنبیری کوردی نەک هەر گرنگییان بەخودی ناهۆشیار و دەرهەستکارانە نەداوە، بەڵکەم تەنانەت ئاگادار بووی وەها خودێکیش نەبوونە و، دەرکیان پێ نەکردووە. هەر بەم بونەشەوە، ناهۆشیاری و نەستی کوردی یەکێک لەو بوار و بەستێنە چۆڵ و بەرینانە پێکدێنێ کە تا ئێستا توێژینەوەی لەسەر نەکراوە و بەشە پێکهێنەرەکانی کە هەر کامیان لەژێر کاریگەرێتی چەشنە ئایدیۆلۆژیایەکی تایبەت دان، دەستنیشان نەکراوە و نەخۆشییە



دەروونییەکانی مرۆڤی کورد نەناسێندراوە و هەر بەو بۆنەشەوە ڕێگەچارەی بۆ نەدۆزراوەتەوە.

سەرەڕای ئەو وتانەی سەرەوە، بەپێچەوانەی هەندێ بیروڕای سەلەفییانە و نازانستی، تەنیا ناسینی خود بۆ پێکهاتنی شوناس بەس نییە و ئەمەش یەکێکە لە خاڵە لاوازەکانی دامودەزگا سەر چەشنسازەکانی فیکری و ڕاگەیێنەرە گشتییەکان و تریبوونە کوردییەکانی کە پێیان وایە تەنیا ناسینی (خود) بۆ پتەوترکردنەوەی پێگەی کوردی بەسە و ئیدی بیری لێناکرێتەوە. لە وەها کاتێکدا لەلایەکەوە خودی (خود)ە کە ڕواڵەتێکی نەگۆڕ و وەستاو لەخۆ دەگرێ و هەم ناسکارەکەش ناتوانێ زیادەی بخاتە سەر خودەکە و، بەم بۆنەیەوە ناسکارەکەی بۆ خۆی دەبێتە بەرناسی خودەکە (مەبەست لە خود لێرەدا مێژوو و ڕابردووی سیاسی و فیکری و کۆمەڵایەتی کوردی و پێگەی هەنووکەییەتی). کەواتە، لەم ساتە وەختەدا جگە لە ناسینی خود پێویستە دەست بکرێتە گرتنەبەری ڕوانگەی ڕەخنەگرانە بۆ هەمان (خود). پاش خودناسین و وەدەست هێنانی مەعریفەیەک دەربارەی خود دەگەینە قۆناغی ڕەخنەکاریی خود و لە ئەنجامدا هەڵوێستی ناسکاری کورد لە هەمبەر خودی کوردیدا دیاری ئەکرێت و لەم ڕێگەیەوە یەکە جۆرێ بەرهەمهێنانی ئەندێشەی کوردی دێتە ئاراوە.

### د/ ئەویدی

دوو زاراوەی ئەویدی و ئەویدیکەیی کە لە زمانی ئینگلیزیدا بەشێوەی The Other و The Otherness و لە زمانی فارسیدا بەشێوەی (دیگری و دیگر بودگی) دێتە بەکارهێنان، دەوری سەرەکی و چارەنووسساز لە چۆنییەتی خودناسیی مرۆییدا دیاری دەکا. کورد ڕووبەڕووی دوو جۆر ئەویدی دەبێتەوە. ئەویدی دەرەکی کە بۆ خۆی دووبەشی ئەویدی دەرەکی نزیک و ئەویدی دەرەکی دوور ئەگرێتەوە و ئەویدی ناوەکی. لێرەدا ئێمە

تیشک ئەخەینە سەر ئەویدی ناوەکی کورد کە بریتییە لە ئایدیۆلۆژیا جیاجیاکانی ئامادە لە ناهۆشیاری کوردیدا. لێرەشەوە کێشە و ململانێی سەرەکی لەنێوان خودی کوردی و ئەویدی ناوەکی کوردیدایە. کەواتە مەرجی سەرەکی بۆ مسۆگەربوونی شوناسی کوردی بریتییە لە ناسینی ئەویدی ناوەکی کوردی. ئەم ئەویدییە ناوەکییەی کورد تاکو ئێستا لە خودی ئەقڵانیی کوردی کاریگەرتر بووە و چەشنە جیاجیاکانی ئایدیۆلۆژیا لە گوتاری سیاسی و ئەدەبیدا خودی کوردییان لە پێناو ئەویدی ناوەکی کوردیدا قوربانی کردووە. کەواتە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ گرنگایەتی لێکۆڵینەوە لە ئەویدی ناوەکی کوردی و هەوڵ بۆ پەرەپێدان بەسیستەمی مەعریفی خودی ئەقڵانیی کوردی گرنگتر ئەنوێنێ. ئەمەش ئەو خاڵە لاوازەی دەستووری کاری دامودەزگا سەرچەشنسازەکان پێکدێنێ.

جیا لەم باسە، ئەبێ سەرنج بدرێتە ناسینی ئەویدی دەرەکی کوردی کە ئەم ڕەوتە لە ئاکامدا بەڕەخنەکاریی ئەویدی دەرەکی کۆتایی پێ دێت. ئێمەی کورد تەنانەت خود ناسییەکەشمان هەر لە ڕێگەی ڕۆژهەڵات ناسەکانەوە بووە و تەنانەت ئەو هەوڵانەشمان دیسانەوە بەچاوی ڕەخنەگرانەوە نەخوێندۆتەوە، بەو شێوەیەی ئیدوارد سەعید لە تیۆری پاش کۆلۆنیخوازیدا ئاماژە بەوە دەکات. لەلای ئێمە خودناسانی کورد کە زۆرتر لە بەیتناس و فۆلکلۆرۆژیست و هونەرمەند و ئەدیبە کلاسیستەکان پێکهاتوون نەیانتوانیوە خۆئاگایی خۆیان لەگەڵ ڕوانگە نوێکانی ئەمڕۆدا ڕێک بخەن و بەداخەوە هەموو تریبوونە کوردییەکانیش کە ئەرکی سەر چەشنسازی و شوناسسازی و کولتوورسازییان هەیە لە خزمەتیان دایە و ئەوانیش بەشێوەیەکی ناهۆشیارانە خەریکی داپۆشین و حەشاردانی خودی ئەقڵانی کوردی لەژێر ناخود ئاگای ئایدۆلۆژیکی کوردیدان. ئەمەش جیا لەوەی وەها بەرهەمگەلێک خۆراکی خراپ دەرخواردی جەماوەر ئەدەن، چونکا لە شیکاریی زانستییانە و توێکاری بابەتییانە و شێوەڕوانینی پاژ نواڕانەی مەعریفی بەدوورن.



٤- ئەرشیفسازی و پەرەپێدان بەئەرشیفی کوردی لە ڕووی مەعریفە ناسانەوە

یەکێ لەو خاڵە جەوهەرییانەی ئەم گەڵاڵەیە بریتییە لە گرنگیدان بەئەرشیف و بایەخدان بەپڕکردنەوەی بۆشاییەکانی کتێبخانەی کوردی لە ڕووی فیکری و زانستییەوە. کورد لە ڕەوتی تێپەڕبوونی خۆیدا بەناو سەردەمی مۆدێرنی کوردیدا بەشێوەیەکی گونجاو گرنگایەتی بەئەم بابەتە نەداوە و، هەر ئێستاکەش زۆرن ئەو خەڵکانەی خەریکی بەرهەمهێنانن لەو بوارانەی کە نەک هەر پێوەندییان بەفیکر و زانستەوە نییە، بەڵکو بەجۆرێ دووبارەکردنەوە و نووسینەوەی بەرهەمە پێشووەکانن. بۆ نموونە، ئەو نامانەی ماستێر و دوکتۆرای زانکۆکانی هەرێم کە بەگشتی تەرخانکراون بۆ بەرهەمگەلێکی لەم چەشنە. لەلایەکی تریشەوە، دیسانەوە دامودەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوە بایەخێکی زۆر بەم چەشنە بەرهەمانە دەدەن کە بریتین لە کتێبی مێژوویی و نەک تیۆری مێژوویی، فۆلکلۆر ونەک فۆلکلۆر ناسی، دانانی ڕێنووس و ڕێزمان و گرنگیدان بەزاراوەناسیی زمانی کوردی نەک کۆڵینەوە لە زمان لە ڕێگەیەکی مەعریفەناسانەوە. هەروەهاش لە زانکۆکاندا تاکو ئێستا هەوڵێک بۆ وەرگێڕان یان بەکوردی نووسینی لقە جیاجیا ئاکادیمیک و زانستییەکان نەدراوە، ئەمەش جگە لەوەیە کە بەمەبەستی بنیاتنانی سیستەمێکی مەعریفەناسانە تاکو ئێستا لەلایەن دەزگا سەرچەشنسازەکانەوە بیر لە پرۆژەیەکی فرەگیر بۆ خوێندنەوەی خود و دیاردەکانی خود نەکراوەتەوە.

هەروەک لە نووسینێکی تریشدا ئاماژەم بۆ کردووە، ئێمەی کورد پتر لە ئاکامە سەلبییەکانی مۆدێرنیتە بەشداربووینە تاکو لە ئاکامە ئیجابییەکانی. گرنگیدان بەئەرشیفە جیاجیاکان یەکێ لە خەسڵەتەکانی مۆدێرنیتەیە؛ بۆ نموونە بڕوانە بۆ پرۆژەی کولتووریی بنەڕەتی و مەزن لە فەرەنسای کۆتایی سەدەی حەڤدەهەمدا کە پاش نیو سەدە بەئەنجام گەیشت و لە ئاکامدا (ئەنسایکلۆپیدیا )یەکی بیست و هەشت بەرگی بەرهەم هێنرا

که بەئەنسایکلۆپیدیای دیدرۆ، فەلسەفەکاری فەرەنسی، ناسراوە. ئەم گرنگیدانە بەئەرشیف نەک هەر لە وڵاتە ڕۆژئاواییەکاندا بەڵکو تەنانەت لە وڵاتانی جیهانی سێهەمیشدا ئامادەیە، بەڵام کورد بەهۆی سەرقاڵبوون بەکێشەکانی خۆیەوە و بەهۆی زاڵێتی گوتاری سیاسی و نەبوونی پڕۆژەیەکی سەقامگرتوو بۆ بەرژەوەندی و پەرەسەندنی کولتووریی هەمە لایەنە تاکو ئێستاش ئەرشیفی زانستیی و مەعریفیی خۆی بنیات نەناوە. ئەگەر چی لەم چەند ساڵەی پاش ڕاپەڕیندا هەندێ هەوڵ لەم بوارەدا دراوە، بەڵام ئەم هەوڵانەش بۆ خۆیان ڕووبەرووی کۆمەڵێ ڕەخنە و پرسیار دەبنەوە.

ڕەخنەسازی، تیۆرسازی، ئیستراتیژیسازی، ئەویدیناسی، زاراوە ناسی بەمانای Terminology نەک بەمانای Dialectology، خودناسی و لە ئاکامدا نەریتسازیی فیکری بەمەبەستی بنیاتنانی تیۆری کولتوورسازی، هەموو ئەو خاڵە لاوازانەی ئەرشیفی کوردی پێک دێنن. هەڵبەت ئێمە لێرەدا هەر تەنیا باسی ئەرشیفی زانستی و مەعریفیمان کرد و پێویستە لەگەڵاڵەی پارادایمی پەرەسەندنی ئابووریدا باس لە بنیاتنانی ئەرشیفی پیشەسازانە و تەکنەلۆژیک بکرێت.

ئەبێ تیشک بخەینە سەر ئەو خاڵەش کە لە ئەرشیفدا پێویستە پرێنسیپ و بنەواشە ئاکادیمییەکەی ئەرشیفسازی و هەروەهاش میتۆدۆلۆژیی ئەرشیفسازی بەپێی بنەواشەگەلی هاوچەرخ و زانستییانە ڕەچاو بکرێن. یەکێ لە مەرجەکانی مسۆگەربوونی شوناس و گۆڕینی ئەم شوناسە بۆ شوناسی ڕۆشنبیرانەی بەبێ گرفتی ناوەکی بریتییە لە مسۆگەربوونی هەر دوو جۆرە ئەرشیفی مەعریفیی و تەکنۆلۆژیک. لە وەها قۆناغێکدایە کە ئەرشیفی مەعریفیی ئەتوانێ بگاتە قۆناغی وەرگێڕان و ئەرشیفی تەکنۆلۆژیک بگاتە قۆناغی هەناردن و، بێگومان لێرەدا یەکێ لە خەسڵەتەکانی بەدیهاتنی شوناسی ڕۆشنبیرانە دێتە ئاراوە.



## پاژی سێیەم:

# ئەنجام

لەم گەڵاڵەدا، کە بەناوی پارادایمی پەرەسەندنی کولتوورییە ئاراستەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کرا، پاش پێناسەکردنی هەندێ زاراوە و چەمکی پێوەندیدار بەگەڵاڵەکەوە تیشک خرایە سەر ناواخنی پارادایمەکە کە چوار تەوەرەی سەرەکی گرتۆتە خۆی. هەروەهاش ئەم خاڵە باسکرا کە لەم ساتەوەختە ناسکەی ئێستادا هەر تەنیا سڕینەوەی ئایدیۆلۆژیای بەعسیزم لە جەستەی شوناسی کوردی ناتوانێ بەتەنیایی سوودبەخش بێ، بەڵکو پێویستە لەلایەن دامودەزگا سەرچەشنسازەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی عێراقەوە بایەخ بدرێ بەچوار تەوەرەی سەرەکی کە بریتین لە:

١) بنیاتنان و گرنگیدان و یاخود پەرەپێدان بەزمانی زانستیی کوردی بەمەبەستی چارەسەرکردنی ئەو خاڵە لاوازانەی زمانی زانستیی کوردی، کە ئەمەش لە ئەنجامدا لەسەر شوناسی کوردیش کاریگەرێتی دادەنێ، ئەمیش بەهۆی پێوەندیی دوولایەنە و چارەنووسسازی نێوان زمان و شوناس یان بەواتایەکی تر پێوەندی نێوان سوژەی ئەقڵانیی کورد و زمانی سروشتیی کوردی کە تاقمێ ڕەهەندی ئایدۆلۆژیکی گرتۆتە خۆی.

٢) گرنگیدان بەهاوکێشەگەلی جوانیناسانەی هاوچەرخ لە مامەڵە و ڕووبەڕوونەوە لەگەڵ خود و دیاردەکانی خوددا کە وتارە جیا جیا ئەدەبی و هونەری و کۆمەڵایەتیی و سیاسییەکان دەگرێتەوە.

٣) کۆڵینەوە لە شوناسی کوردی و دەرخستنی ئەو لایەنە ئایدۆلۆژیکیانەی زەینییەتی کوردی کە شوناسی هەنووکەیی ئێمەیان پێک هێناوە و بەگرنگ دانانی دەوری چوار وتەزای کات و شوێن و خود و

ئەویدی لە پێکهاتنی شوناسی ڕۆشنبیرانەدا و دەستنیشانکردنی ململانێی نێوان ناخود ئاگای ئایدۆلۆژیکیی کوردی و خودئاگای ئەقلانیی کوردی کە هەولّی سەربەخۆ بوون ئەدات، لانی کەم لە باری دەروونناسانەوە.

٤) ئەرشیفسازی و گرنگیدان بەپڕکردنەوەی ئەرشیفی فیکری و زانستی بەپێی بنەواشەیەکی ئاکادیمیک و میتۆدۆلۆژیک.

سەرجەم ئەو خالاّنەی سەرەوە کە لە ناوەرۆکی پارادایمەکەدا بەوردی باسیان کرا پێویستە بخوێندرێنەوە و فام بکرێن بەکاربهێنرێن و، دیارە بەر دەنگی ئێمە لێرەدا بەرپرس و بەڕێوەبەر و کارگێڕی دامودەزگا سەرچەشنسازەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانن کە ئەتوانن دەوری بەرچاو و حاشا هەڵنەگر لە زەینییەتی تاکەکەسی و شوناسی کۆیی کورددا بگێڕن و، کەواتە ئەبێ لە پرۆژە کولتوورییەکانی خۆیاندا کە جۆرێ شوناسسازییان بەدواوەیە ڕەچاوی ئەم پارادایمە بکەن کە بەمەبەستی پەرەسەندنی کولتووریی نووسراوە.



# پەراوێزەکان

١- پێ دەچێت هیچ چەمکێک ئەوەندەی (زمان) لە فیکر و تاڕادەیەک ئەدەبی هاوچەرخی ڕۆژئاوادا گرنگ نەبێت. ئەگەر چی گوتاری فیکریی هاوچەرخی ڕۆژئاوا زۆرتر خاوەن مەعریفەیەکی پاش بنەماخوازانەیە و هەرچەندە پاش بنەماخوازی لە باری مێژووییەوە پاش بیرۆکەی (بنەماخوازی)ی ناوەڕاستی سەدەی بیستەم گۆڕانکارییەکی بەرچاوی لە هزر و فیکری ڕۆژئاوادا هێنایەدی. ئەم (بنەماخوازی)یەی گوتاری فیکریی ناوەڕاستی سەدەی بیستەم خۆی لە خۆیدا بناخە سەرەکییەکانی لە چەشنە زمانناسییەکی بنەماخوازانەدا بوو کە بۆ یەکەم جار بەشێوەیەکی تیۆریک و لە ڕواڵەتی کتێبێکدا لە بەرهەمە هەرە کاریگەرەکەی فردینان دۆسوسووردا ئاراستە کرا. کاریگەرێتی زمانناسانەیەش لەسەر فیکری بیرمەندی ناسراوەی قوتابخانەی بنەماخوازی (کلۆدلیڤی شتراوس) و هاوکاریی بیریارانەی (شتراوس) و ڕۆمەن یاکوبسن، وەک زمانناسێکی شێوەخواز و پاشان بنەماخواز و هەروەهاش دەوری هەرە کاریگەری یاکوبسن لە بیچمگیریی بیرۆکە دەروونشیکارانەکانی ژاک لاکان و، لە کۆتاییدا، جێ پەنجەی لاکان بەسەر تیۆرە پاش بنەماخوازانەکان بەگشتی و بەتایبەت بەسەر لویی ئالتووسێرەوە، وەکو مارکسیستێکی پاش بنەماخواز، لەلایەکەوە، ئەڵقەی جیاواز و یەکگرتووەکانی زنجیرەی فیکری و ڕەوتی گۆڕانکاریی مەعریفیی ڕۆژئاوامان بۆ دەردەخا و، لەلایەکی تریشەوە، گرنگایەتی پێگەی زمان لە سیستەمە فیکری و تیۆریکەکانی سەردەمی ئێستادا زیاتر ڕوون دەکاتەوە.

جگە لەو هەولّە تیۆریکانەی سەرەوە کە دەچنە نێو خانەی زمانناسی، دەروونشیکاری، ڕەخنە و تیۆری ئەدەبی و زانستێک بەناوی مارکسیزم-ەوە و بەگشتی خۆیان لە تیۆر و توێژینەوە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکاندا

دەبیننەوە، لە فەلسەفەی ویتگنشتاینیشداهەر بەهەمان شێوە زمان هەڵگری پێگە و گرنگایەتییەکی تایبەت و هەستپێکراوە. لە فەلسەفەی ویتگنشتاینی دووهەمدا لە سەرەتا و پاشان ناوەڕاستی هەمان سەدەدا (لێرەدا ویتگنشتاینی دووهەم و هایدگێر وەکو دوو فەلسەفەکاری کاریگەری سەدەی بیستەم دانراون) زمان وەکو بوونەوەرێکی سەربەخۆ و خۆبژێو سەیر کراوە کە خاوەن جەوهەرێکی سەربەخۆیە و لەلایەکەوە لە مرۆڤ و جیهان و واقیع و بوون جیایە و، لەلایەکی دیکەشەوە، بەشێوەیەکی دژواز مرۆڤ و جیهان و واقیع و بوونی لە خۆ گرتووە. وەها تێڕوانینێک بۆ زمان نەک هەر تیشک دەخاتە سەر بایەخدان بەزمان لەلایەن فەلسەفەی هاوچەرخەوە، بەڵکو تەنانەت پێوەندیی دوولایەنە و هاوکێشەی نێوان فەلسەفە و زمانناسیی بنەماخوازانە پیشان دەدا کە ئەورۆکە ئەو پێوەندییە زیاتر لەنێوان فەلسەفە و زمانناسیی پاش بنەماخوازنەدا (بۆ نموونە چامسکی دووهەم) هەست پێ دەکرێ. لە پاڵ ئەمەشدا و بەشێوەیەکی تر شێوەی مامەڵەی ئەدەبی مودێرنیستیی نیوەی یەکەمی سەدەی بیست و ئەدەبی پۆست مۆدێرنیستی نیوەی دووهەمی هەمان سەدە لەگەڵ زماندا سەرنجڕاکێشە. بۆ نموونە، هەڵسوکەوتی تایبەتی جەیمز جۆیس وەکو نووسەرێکی هەرە گرنگ و کاریگەری مودێرنیست بەتایبەت لە دوو ڕۆمانی یولیسێس و هەستانەوەی فینیگانەکان لەلایەکەوە و ئەم ڕوانینە بەشێوەیەکی تر و بەجیهانبینییەکی ترەوە لە سێ ڕۆمانی ناسراوی سامۆئێل بیکێتدا، کە پێشەنگ و هاوسۆزی ئەدەبی پۆست مۆدێرنیستی بوو، بەتەواوی ڕوونکەرەوەی پێوەندیی نێوان ئەدەبی مۆدێرنیستی و پۆست مودێرنیستی و زمانناسی بنەماخوازانە و پاش بنەماخوازانەیە. ئەو هاوپێوەندییەی ئاماژەی پێکرا یەکێکە لە ڕەهەندە سەرەکییەکانی گوتاری فیکریی ئەمڕۆی ڕۆژئاوا کە هەوڵ دەدرێ لەم سەردێڕ و خاڵانەی خوارەوەدا کورت بکرێتەوە.



**أ/ زمانناسیی بنەماخوازانە و توێژینە کولتوورییەکان و بیرۆکە پاش بنەماخوازانەکان:**

– زمان سیستەمێکە لە نیشانەکان و پێوەندیی نێوان دال و مەدلوول و بڕیارییە. واتە زۆر تەئویل لە دەلالەت و مانا واتای دیاردەکان و بوون ئەکرێتەوە (سوسوور).

– جیاوازیی دەربڕینی پیتەکان لە هەر وشەیەکدا ئەو وشەیەی پێکهێناوە و خودی ئەو وشەیە بەهۆی جیاوازیی پیتەکانیەوە لە وشەیەکی تر جیاوازە، واتە لە زماندا لە بری چاکە و خراپە تەنیا پێوەندی و جیاوازی لە ئارادایە.

– هەر بەهەمان شێوەی سەرەوە، بنەما کۆمەڵایەتی و کۆمەڵناسانە لە هەر کۆمەڵ یان کۆمەڵگایەکدا لەوی دیکە جیاوازە، واتە هیچ کۆمەڵگایەک لە باری بنەمای کۆمەڵایەتی و کۆمەڵناسانەوە و لە ڕووی شێوەی کردە کولتوورییەکان و هەڵسوکەوتەوە لە کۆمەڵگایەکی تر چاکتر یان خراپتر نییە، بەڵکو تەنیا جیاوازییان پێکەوە هەیە. (شترۆس) لە هەر کۆمەڵگایەکدا ئێپیستمەی تایبەت و پێکهێنەری گوتارە جۆراوجۆرەکانی ئەو کۆمەڵگایە دەوری سەرەکی دەگێڕن و دەربازبوون لەو ئێپیستمانەی بەنیشانەی شێتی دادەنرێ (فۆکۆی بنەماخواز).

– پێکهاتنی زمان لە دوو جەمسەری سەرەکیی خوازە و مەجاز لە دوو تەوەرەی ئەستوونی – جێنشینی و ئاسۆیی – هاونشینی (یاکوبسن). لەلایەکی ترەوە، پێکهاتنی (خەون) لە دوو نیشانەی سەرەکیی تێگوشران و جێگۆڕکێ (فرۆید). کاریگەرێتی وەرگرتنی لاکان لە دوو تیۆرەکەی یاکوبسن و فرۆید، واتە زمانناسیی بنەماخواز + دەروونناسیی شیکارانە.

– دابەشبوونی زمان بەسەر دوو قۆناغی ژێر بنەما و ڕوو بنەما و دیاریکردنی چۆنییەتی سەرگرتنی ڕەوتی فێربوونی زمان لە منداڵدا و لە ماوەی قەیراناویدا و گرنگایەتیی ئەم ڕەوتە لە شێوەی بیچمگیری مەعریفە

و نەستی تاکدا (چامسکی). هاوکاتبوونی دەستپێکی ڕەوتی فێربوونی زمان و بەدیهاتنی گرێی جینسی لە ناهۆشیاری و نەستی منداڵدا (واتە، تەمەنی ئودیبی)، پاشان کاریگەریێتی وەرگرتنی لاکان لەم دوو سەرچاوە و کانە مەعریفی و تیۆریکەوە و دەستنیشانکردنی چۆنییەتی لەناوچوونی یەکێتی و یەکبوونی نێوان دایک و منداڵ لە سەرەتای ڕەوتی فێربوونی زمان لە ناهۆشیاریی منداڵدا و بەدیهاتن و پەروەردەبوونی سوژەیەک کە سەر بەزمانە (زەینی ناهۆشیار لە زەینی هۆشیار بەهێزتر و کاریگەرتر و چارەنووسسازترە). بەدیهاتنی گرێی ئودیپ لە نەستی کوڕاندا و گرێی بەخێڵیی نێرینە لە نەستی کچاندا هاوکاتە لەگەڵ سەرەتای فێربوونی زمان و دەستپێکی ماوەی قەیراناوی لە زەینی ناهۆشیاری منداڵدا. کەواتە، مرۆڤ سوژەی زمانەکەی خۆیەتی، ئەو زمانەی توخم و ڕەگەزی سەر بەئارەزووی جینسی تێدایە (لاکان).

– بەڵام، ئەم پێناسەیەی سوژە لە سیستەمی فیکریی ئالتووسێردا بەشێوەیەکی ترە" واتە، ئەگەر چی ئالتووسێر لە ژێر کارتێکردنی لاکان دایە و چەمکی (سوژە)ی لە لاکان وەرگرتووە، بەڵام پێناسەکەی بۆ خۆی ئەگۆڕێت و ئەیکا بەو مرۆڤەی کە زمانەکەی لە هەندێ ڕەهەند و توخمی ئایدیۆلۆژیک پێکهاتووە کە ئەم (ئایدیۆلۆژیا)یە خۆی لە ڕواڵەتی ISAدا دەبینێتەوە RSA ەوە کاریگەریتی وەردەگرێ- لێرەدا پێویستە سەرنج بدرێتە واتا سەلبییەکانی چەمکی ئایدیۆلۆژیا ئەمەش بەپێچەوانەی ئەو واتا ئیجابییەیە کە لە سەردەمی خودی (مارکس)دا هەبوو.

**ب/ فیکر و فەلسەفە:**

– زمان بەپێچەوانەی ئەوەی تا ئێستا بیری لێکراوەتەوە، ئامرازێک نییە بۆ گەیشتن بەئەنجام و ئامانجێک، بەڵکو خۆی لە خۆیدا ئامانجە و پێوەندی لەگەڵ واقیعدا نییە و هەقیقەتێکیش لە دەرەوەی زماندا بوونی نییە (وینگنیشتاینی دووهەم).



– زمان بەشێوەیەکی دژواز، لەلایەکەوە سەرجەم (بوون)ی لەخۆگرتووە و لە لایەکی دیکەشەوە، ناتوانرێ لە ڕێگەی زمانەوە بابەت یان کێشەی (بوون) ڕوون بکرێتەوە، بەڵکو ئەمە پێویستە لەناو خودی زماندا سەربگرێ، ئەمەش هەڵەی زەقی مێژووی فەلسەفەی ئەوروپییە، بەتایبەت فەلسەفەی پاش دیکارتی (وینگنشتاینی دووهەم). واتە ئەگەرچی زمان بۆ خۆی خاوەن پێوەندی و جیاوازی و یاسا و ڕێسای نێوخۆییە، بەڵام پێوەندی بەواقیعەوە نییە و دیسانەوە بەشێوەیەکی دژواز زمان بەردەوام توانیوویەتی واقیع بۆ مرۆڤ بنوێنێتەوە، کەواتە، کێشەکان پێویستە لەناو زماندا چارەسەر بکرێن و هەر لەوێ وەڵامی پرسیارەکان بدرێتەوە، نەک لە ڕێگەی زمانەوە (پێشبینیکردنی ڕێژەیی خوازی و ئاژاوەگەری و چەق سڕینەوە لە بیری پۆست مۆدێرنیستدا).

– زمان یانەی بوونە (هایدیگر).

– گرنگیدان بەزمانی ئەدەبی (واتە، زمانی خوازەیی لە تیۆرەکەی یاکوبسندا) لە شیعری هۆڵدرلیندا لەدوا قوتابخانەکانی بیری فەلسەفیی هایدیگردا و چاوپۆشیکردن لە زمانی پەخشان بەتایبەت بۆ فەلسەفەکاری و بێکەڵک زانینی ئەو زمانە (واتە، زمانی مەجازی لە تیۆرەکەی یاکوبسندا) بۆ چارەسەرکردنی پرسە فەلسەفییەکان

– هیچ شتێک لە دەرەوەی دەقدا بوونی نییە (دریدا). جیهان بۆ خۆی دەقێکە کەواتە زۆر خوێندنەوەی جیاواز لە جیهان دەکرێ.

– پێوەندی دوو لایەنە و هاوکێشەی هاوبەشی نێوان فەلسەفەی هاوچەرخ لەلایەکەوە و ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبی و تیۆری ئەدەبی لەلایەکی ترەوە (بڕوانە بۆ جێپەنجەی چیرۆکی دکتۆر جەکیل و جەنابی هاید، نووسینی رابرت لویی ستیڤێنسۆن) لەسەر دەروونناسیی فرۆیدیدا و کەواتە ڕەخنەکاریی کورتە چیرۆکی (نامەی ڕفێندراو)ی ئالێن پۆ لەسەر دەستی ژاک لاکان و پاشان ڕەخنەی ڕەخنەکەی ژاک لاکان لەلایەن ژاک دریداوە.

**ج/ ئەدەب:**

بەکاربردنی تەکنیکی پۆرتمانتۆ یان تێکەڵکاریی وشە لەبەرهەمەکانی جۆیسدا و بەتایبەت لە دوو بەرهەمی دواییدا، یولیسێس و هەستانەوەی فینیگانەکان، ئەمەش واتە دەست تێوەردانی مرۆڤ لە زمان" ئەو زمانەی نووسەری مودێرنیست لەلایەکەوە خۆشی ئەوێ و لەسەری کار ئەکات و هەمــوو لایەنێکی ژیانی نووسەری گرتبۆوە، وەک چۆن جۆیس لە وێنەی هونەرمەند وەکو گەنجێک ئەڵێ: بەتەواوی لەناو وشەکاندا جێگیر بوو و هەر لەوێ ژیان بەسەر دەبات، لەلایەکی تریشەوە هەمان نووسەری مودێرنیستی پێشەنگ، ڕقی لە زمانەکەی خۆیەتی و بەبەسی نازانێ و دەستی تێوەردەدات. کەواتە جۆیسی یەکەم لاپەڕەکانی وێنەی هونەرمەند وەکو گەنجێک بۆ خۆی چەشنە کەسایەتییەکی وەک ئیکارووس و پرۆمیتە و سیزێفی هەیە.

- سروشتی پارچە پارچەی زمان لە بەرهەمە مۆدێرنیستیەکاندا دەربڕی چییە؟ پاش فرۆید زانیمان مرۆڤ بۆ خۆی لە باری دەروونناسانەوە پارچە پارچەیە و هەر پارچەیەک زمانی تایبەت و ئایدیۆلۆژیا و تێڕوانینی تایبەتی خۆی هەیە، پاش یۆنگیش زانیمان کە مرۆڤە چوار پارچەکەی فرۆید بوو بەمرۆڤی شەش پارچە. لەپاڵ ئەوەشدا، هەر زمانێک هەڵگری شوناسی تایبەتی خۆیەتی و شوناسی مرۆڤ هەمان زمانی مرۆڤە" کەواتە، ئەدەبی مودێرنیستی بەمەبەستی ئەوەی تایبەتمەندیی گەردوونی و جیهانگر لەخۆیەوە وەدەرخات ناچار بووە دەست ببات بۆ زمانەکانی تریش. ئەدەبی مودێرنیستی ئەدەبی چەند زمانەیە، ئەدەبی چەند شوناسەیە، ئەدەبێکی پارچە پارچەیە، بەڵام زەینییەتی چەقەساز و مودێرنی نووسەری مودێرنیست شوناسەکانی تر دەخاتە پەراوێزەوە و یاخود دەیانخاتە نێو زمانی خۆیەوە.



- بەکاربردنی تەکنیکی ناوەدەنگ لە ئەدەبی پۆست مودێرنیستی دا چەشنە گەڕانەوەیەک بوو بۆ جیابوونەوەی مرۆڤ لە سروشت و شکاندنی (یەکێتی) و (ئەمئەوێتی) نێوان مرۆڤ و سروشت یان نێوان منداڵ و دایک (بەواتای بەراییگەریی پۆست مودێرنیزم).

- چارەسەر نەکردنی ئاپۆریاکان لە بەرهەمەکانی (ساموێل بێکیت)دا (بۆ نموونە، بڕوانە چیرۆکی دانتە و قرژانگ) دژایەتی کردنە لەگەڵ کەلامی سوقراتیدا و کەلامی سوقراتیش پەرەپێدەر و سەقامگیرتر بوونی دوانە لێکدژەکانی ئامادە لە زمانی فەلسەفەی پاش سوقراتدا بوو. زمانی بێکیت لەلایەکەوە زمانی ٣٥٠٠ ساڵ فەلسەفەی ڕۆژئاوا لەلایەکی ترەوە. زمانی بێکیت ڕێگە و دەلاقەیەک نییە بۆ جیهان و واقیع، بەڵکو خودی جیهان و واقیعە (بەتایبەت واقیعی پاش شەڕی دووهەمی جیهانی).

- ڕوانگە تەوساوییانەی بێکیت بۆ ئاوەز و ئەقڵخوازیی ڕۆژئاوایی زۆرتر دوا قۆناغی مێژووی ڕۆژئاوا دەگرێتەوە (قۆناغی چوارەم بەباوەڕی ئادۆرنۆ، واتە قۆناغی تەکنۆلۆژیک) لەم قۆناغەدا واتە فەلسەفەی نێوان دیکارت و نیچە ناسەکان بەیکن و وینگنشتاینی دووهەم (شێوەی بەکارهێنانی زمان لە فەلسەفەدا و زانستی زمانناسی ئەو سەردەمە تێکڕا خاوەن بۆچوونێکی پێش سوسووری بوون).

٢- پێش سەدەی بیستەم لە فیکر و تیۆری ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا هەر ئەم مەسەلەیەش ئاراستە کراوە، بەڵام نەک بەشێوەیەکی تەواو تیۆریک. بۆ نموونە: بڕوانە بۆ بیروڕای فەلووتینەکان (واتە ئەفلاتوونیزمی نوێ) دەربارەی یەکێتی ڕۆحی منداڵ و خوا پێش لە دایکبوون و پاش مردن، واتە ئەو بیرۆکەیەی کە پێ لەسەر یەکێتی نێوان ڕۆحی منداڵ و خوا دادەگرێ و پێی وایە منداڵ کاتێ لە دایک ئەبێ خێرا ڕۆحی لە خوا جیا ئەبێتەوە. لە ئیسلامیشدا لەلایەکی ترەوە ئاماژە بۆ سپی و خاوێن بوونی ڕۆحی مرۆڤ لە منداڵیدا کراوە، تا ئەو ڕۆحە، بەهۆی گوناهەوە ڕەش و

ڕەشتر ئەبێتەوە (مرۆڤی پێش فێربوونی زمان توانای ئەنجامدانی گوناهی نییە - مرۆڤ حەیوانی قسەکەرە).

٣- بڕوانە بۆ (مێزگردی کورد سوننەت و مودێرنیتە) هەژان، ژمارە یەکەم، لل. ١٤-١٣، ١٣٨١.



# پاشکۆ

## پاشکۆی یەکەم: بنەماخوازی

ئەگەرچی بابەتی بنەما هەر لە کتێبە کاریگەرەکەی ئەرەستوو بەم لاوە، لەناو بەرهەمی بیردارێژە ئەدەبییەکاندا بەردەوام باسی کراوە و بەمەبەستی شیکاریی ئەو بەرهەمانە کەڵکی لێ وەرگیراوە، بەڵام بنەماخوازی ئەو قوتابخانە زاڵەی ناوەڕاستی سەدەی بیستەمە کە گۆڕانکاریی قووڵ و بنەڕەتی بەسەر زمانناسی و ڕەخنە و تەنانەت خوێندنەوەی نوێی کولتوور و دەروونناسی و مرۆڤناسی و کۆمەڵناسی و...هتد. -داهێنا- کتێبی چەند وانەییێک دەربارەی زمانەوانی گشتی نووسینی فێردیناند وسوسوور بەبنیاتنەر و بناخەدانەری بنەماخوازی دادەندرێ، کە تیایدا ڕەخنە لەو زمانناسییە سوننەتی و مێژووییە ئەگرێ کە سەرەتای سەدەی بیستەم لە ئاکادیمیاکانی ئەوروپادا زاڵبوو. بەواتاییێکی دیکە، زمانناسیی سوونەتی پێی وابوو زمان خاوەنی سروشتێکی گەڕانەوەییە و بەوپێیەش زمان و ئەدەبیان وەکو دەرکەوتە و ڕەنگدانەوەی واقیعی دەرەکی لەقەڵەم دەدا. پاش بڵاوبوونەوەی تیۆرە زمانناسانەکانی فێردیناند و سوسوور ئەم ڕوانگەیە ڕووی لە نەمان کرد. سوسوور بەمەبەستی ئەوەی کە سیستەمی زاڵ و ڕاستەقینەی زمان بناسێنێ گرنگی دەدا بەلێکۆڵینەوەی هاوکاتی زمان و وازی لە لێکۆڵینەوەی ناوکاتی یان مێژوویی زمان هێنا. لە زمانناسیی سوونەتیدا زمان پێکهاتبوو لەو هێمایانەی کە دەربڕی چشتە دەرەکییەکان و ئەزموونەکانی مرۆڤ بوون، بەڵام بەپێی باوەڕی سوسوور زمان سیستەمێکە لە نیشانەکان کە پێوەندیی نێوان هەر وشە یاخود نیشانەییێک لەگەڵ مانای ئەو وشەیە شتێکی بڕیاربییە. بەواتاییێکی تر، پێوەندیی نێوان دال و مەدلوول لە هەموو زمانەکاندا بڕیاربییە. جگە

لەمەش هەر وشەیێک بۆ خۆی لە کۆمەڵێک پیت پێکهاتووە و جیاوازیی نێوان پیتەکان لە هەر وشەیەکدا و جیاوازیی نێوان وشەکان لە هەر ڕستەیێکدا تەنیا هۆ تێگەیشتنی مرۆڤە لەو وشەیە یان لەو ڕستەیە.

ئاکامی ئەم تیۆرەی سوسوور ئەوە بوو کە پەیوەندیی نێوان واقیعی دەرەکی و زمان لەناوچوو و هەر زمانە و خاوەن سیستەمی سەربەخۆ و جیاوازی خۆیەتی و ئەرکی زماناس دۆزینەوەی یاسا و ڕێساکانی نێو زمانە. ئەم بۆچوونە بنەماخوازانەیەی سوسوور بۆ زمانناسی کاری زۆری کردە سەر لقەکانی دیکەی زانستە مرۆییەکان و تەنانەت زانستە سروشتییەکانیش. بۆ نموونە، کلۆدلێڤی شترۆس لە مرۆڤناسیدا و میشێل فۆکۆ لە گوتاری فەلسەفیدا و ژاک لاکان لە دەرونشیکاریدا و ژان پیاژە لە دەروونناسیدا ڕۆلان بارت لە ڕەخنەی ئەدەبیدا و ڕۆمەن یاکوبسن لە زمانناسیدا بنەماخوازانی ناسراو و گشتگیر و کاریگەری ناوەڕاستی سەدەی بیستەم بوون. شترۆس و فۆکۆ و لاکان و بارت وەکو پێشەنگی بنەماخوازیی فەرەنسی ناویان دەرکرد، بەڵام ئەوەش بگوترێ کە لە شەستەکانیشدا کۆمەڵێک نووسەری دیکەی وەک تۆدۆرۆڤ ژرار ژنێت، کریستاڤا و ئیمبیرتۆ ئێکۆ لەم بوارەدا بەرهەمهێنی ئەندێشە بوون. زۆربەی ڕەخنەگران پێیان وایە کە جیا لە کاریگەرێتی حاشا هەڵنەگری کتێبەکەی سوسوور بەڕاستی ڕۆمەن یاکوبسن و چەند ئەندامێکی دیکەی قوتابخانەی پراگ بوون کە نەک هەر شوێن پەنجەی بیروڕاکانیان بەسەر بنەماخوازیی فەرەنسییەوە دیارە، بەڵکو لە فۆرمالیزمی ڕووسی و بنەماخوازیی فەرەنسیدا دەوری سەرەکییان گێڕا.

بنەماخوازیی بەسەر ئاقار و بوارە سوننەتییەکانی زانستە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکاندا باز دەدا و بەپشتگوێ خستنی ئەوان هەوڵدەدا بۆ خۆی ڕوانگەیەکی بابەتییانە لە سەرجەم دیاردە کولتووری و کۆمەڵایەتییەکان دەستەبەر بکات، کە لە گێڕانەوە ئوستوورەییەکان و دەقە ئەدەبییەکانەوە تا تەنانەت ئاگاداریی ناو ڕۆژنامەکان و مۆدی جلوبەرگ ئەگرێتەوە.



بنەماخوازی پێی وایە ئەم دیاردانە لە کۆمەڵێک نیشانە پێکهاتوون کە گرنگایەتییەکی تایبەتییان بۆ ئەندامانی کولتوورێکی تایبەت هەیە و ئەو خاڵەش دەرئەخەن کە ئەو دیاردانە بە چ شێوەییەک بایەخێکی کولتووری وا گرنگیان وەدەست هێناوە. لەم پێناوەشدا ئەوان تیشک ئەخەنە سەر پێوەندییەکی نێوان توخمە دەربڕ و گرنگەکانی هەر کولتوور یاخود گوتارێکی تایبەت و هەوڵیش دەدەن یاسا و ڕێساکانی چۆنیەتی تێکەڵاو بوونیان و پەیوەندییان پێکەوە شی بکەنەوە. هەر وەک چۆن سوسوور پەیوەندیی و جیاوازی نێوان پیتەکانی یەک و یاخود وشەکانی یەک ڕستە و دەستەواژە بەجەوهەرترین خاڵی سیستمی زمان و هۆی تێگەیشتنیان لەلایەن مرۆڤەوە ئەزانێ هەر بەهەمان شێوەش بنەماخوازەکانی دیکە دیاردە کولتوورییەکان بەبنەمای خۆ بەڕێوەبەر و چۆنیەتی پێوەندیی نێوان توخمە گرنگەکانەوە ئەخوێننەوە. بەواتاییێکی ڕوونتر، هەر دیاردەیەکی ساکاری کولتووری بۆ خۆی نیشانەیەکە کە تەنیا لە ڕێگەی پەیوەندی و جیاوازی لەگەڵ توخمەکانی تری ئەو سیستەمە کولتوورییەدا ئەبێتە خاوەنی شوناسی خۆی. ئەگەرچی ئەو باسانەی کرا بناخەی یەکگرتوو هاوبەشی بیری بنەماخوازانەی ناوەڕاستی سەدەی بیستەم پێک ئەهێنن، بەڵام لە لقە جیاجیاکانی زانستدا پەرەیان پێدرا و کەڵکیان لێ وەرگیرا، ئەگەرچی مەبەستە ڕەخنەییەکانیشیان زۆر جیاوازن. ڕیازیزانەکان پێیان وایە بنەماخوازی دژ بەچەند لقبوونەوەی ڕیازی وێستاوەتەوە، چونکە مەبەست لە بنەماخوازی (لە ڕیازی دا) ئەوەیە، کە بەکەڵک وەرگرتن لە هاوچەشنێتی بەرچاو لەنێوان لقە جیاجیاکانی ڕیازیدا یەکێتی دابمەزرێنێ. لە ڕوانگەی چەندین وەچەی زمانناسەوە، بنەماخوازی بەگشتی بریتییە لە دوورکەوتنەوە لە لێکۆڵینەوەی ناوکاتی دیاردە لێکدابڕاوەکانی زمانناسی. کە لە سەدەی نۆزدەهەمدا برەوی هەبوو، هەروەها بەرە و پیرچوونی لێکۆڵینەوە لە بابەت سیستمە زمانییە یەک دەستەکان، کە بەشێوەی هاوکاتی کاردەکەن، بنەماخوازی لە دەروونناسیدا، لە زووەوە لەگەڵ

شێوەگەلی ئاتمیستی، کە گشت دابەش ئەکات بەپارچە (پێکهێنەرە) پێشنەکانی دژایەتی نواندووە و، لە ئاکامدا لە باسەکانی ئێستای فەلسەفەدا، بنەماخوازی لە بەرامبەر مێژووچییەتی، کارکردخوازی و هێندێ جاریش لە بەرامبەر گشت ئەو بۆچوونانەی کە خۆیان خستووەتە پاڵ بکەر یان سوژەیەکی بەشەری، ڕاوەستاوە کەوا بوو، ئەگەر بنەماخوازی لە ڕووی دژایەتی کردنی لەگەڵ ڕێباز و ڕوانگەکانی دیکەوە پێناسە بکەین، واتە هەوڵبدەین بنەماخوازی لە ڕوانگەی پووچەڵکردنەوە بناسێنین و بەتەنیا لێی نەکۆڵینەوە، ئاشکرایە جگە لە دژایەتی و کۆمەڵێ بیروڕای جیاواز کە لەگەڵ هەڵسوکەوتە ڕێکەوتەکانی مێژووی زانست و ئەندێشەدا پێکەوە گرێدراون، شتێکی دیکەمان چنگ ناکەوێ. لەلایێکی دیکەشەوە، کاتێ سەیری لایەنە باشەکەی ناواخنی بنەما ئەکەین، بەلانی کەمەوە دوو لایەنی هاوبەش لەناو هەموو جۆرەکانی بنەماخوازیدا دەبینینەوە. یەکەم: ئامانج یان ڕەنگە ئاواتی شیاوی تێگەیین، بوونی سروشتی بنەما-یە، کە ئەویش بەپاڵپشتی ئەم گریمانەیە کە بنەماکان سەربەخۆ یاخود خۆبەڕەیوەبەرن و دەرک کردنیان پێویستی بەگەڕانەوە و پشت بەستن بەتوخم و شایەتی جۆراوجۆری دەرەکی نییە. دووهەم: بوونی هێندێ ڕاستی و ڕوانگە واتە، بەلێکۆڵینەوەی تیۆریانەی ئەو پێکهاتانەی کە لە ڕاستیدا ڕوون بوونەتەوە، بۆمان دەرئەکەوێ کە بنەماکان سەرەڕای فرە چەشنێتیان خاوەنی کۆمەڵێ تایبەتمەندیی هاوبەش و ڕەنگە پێویستیشن و بەکورتی، وێنای پێکهاتە لەسەر بناغەی سێ چەمک دامەزراوە: چەمکی گشتیی و چەمکی گۆڕان و چەمکی خۆ ڕێکخەری.



## پاشکۆی دووەم:

# پاش بنەماخوازی

پاش بنەماخوازی ئەو ڕوانگە ڕەخنەیی و ڕەخنەگرانە جیاجیایانە ئەگرێتەوە کە لە کۆتایی شەستەکان بەملاوە جێگەی بنەماخوازی گرتووەتەوە و وەکو ڕێڕەوێکی تازە و ڕادیکاڵ، زمان و سیستەمە نیشانەییەکانی دیکە دەخاتە بەر خوێندنەوەی نوێ. ئەگەر بنەماخوازی ڕوانگەی زاڵی لێکۆڵینەوە زماننناسانە و ئەدەبی کولتوورییەکانی پەنجاکان و شەستەکانی بوو، پاش بنەماخوازی کە لە زۆر ڕووەوە ڕەخنەی توند ئاراستەی بنەماخوازی ئەکات توانیوویەتی لەم ماوەیەدا کاریگەرێتی لەسەر چەند بوارێکی دیکەی زانستی وەک نیشانەناسی و دەروونناسی و دەروونشیکاری و ڕەخنە و تیۆری ئەدەبی و تەنانەت هەندێ بزووتنەوەی دیکەی وەک فێمینیزم و بزاڤی ڕزگاریخوازانەی ڕەش پێستەکان و تەنانەت سیاسەت دابنێ.

بیری پاش بنەماخوازانە بەگشتی لە لێدوانێکی ژاک دێریداوە بەناونیشانی (بنەما، نیشانە و کایە لە گوتاری زانستە مرۆییەکاندا) دەست پێدەکات کە لە کۆڕێکی نێونەتەوەیی زانکۆی جان هاپکینزی ئەمریکادا ئاراستەی کرد و تیایدا بەشێوەیەکی ڕادیکاڵ و ڕەخنەگرانە بەپێی سیستەمی فەلسەفی تایبەتی خۆی ڕوانگە بنەماخوازانەکانی کلۆدلیڤی شترۆس هەڵدەوەشێنێتەوە، هەڵبەت بەبڕوای چەند نووسەر و ڕەخنەگرێک پاش بنەماخوازی بڵاوبوونەوەی کتێبی S/Z ١٩٧٠ نووسینی ڕۆلان بارت دەستپێدەکات، دێریدا هێرش دەباتە سەر ئەو بانگەشە شێوە زانستیانەی بنەماخوازی -کە پتر لەشێوە ڕوانینی سوسوور، بۆ بنەمای زمان و هەروەهاش بیری مرۆڤناسانەی کولتووری شترۆس سەری

هەڵدابوو- کە بەو پێیە دێریدا ئەیەوێ تیشک بخاتە سەر ئەو بیرۆکەیەی کە بنەمای سیستەماتێک چ زمانناسانە بێت یاخود هیتر، خۆی لە خۆیدا (چەق)ێک دێنێتە گۆڕێ کە ئەو چەقە ئەبێتە هۆی ڕێخکستن و یاسامەندکردنی ئەو بنەمایە کەچی هەر هەمان چەق بۆ خۆی لە (بنەمامەندێتی) هەڵدێ هەروەک لە نووسینەکانی دیکەی دێریدادا دەرکەوتووە بیرۆکەی ناواقیعی و یەک نەگرتووی چەقێکی بەردەوام چالاک و بەڵام نائامادە، یەکێک لەو ڕێگایانە پێکدێنێ کە تیاندا گوتە تەوەری ڕۆژئاوایی بۆ خۆی بنیاتێکی ناوەندی و، بنەڕەت یان جەوهەرێکی ڕەها دەستەبەر ئەکات کە بەردەوام هەست بەپێویست بوونی دەکرێ و کەچی قەت ئامادە نییە. دێریدا بەسەرنجدانی چەمکی جیاوازی لە زمانناسیی سوسووردا ئەو ڕوانینەی سوسووری بەلاوەیە پەسەندە کە مانای بەرهەمی پەیوەندییە جیاوازەکانی دالەکانە، بەڵام بەشێوەیەک لە سوسوور تێدەپەڕێ و بەر بڵاوکردنەوەی ڕەهەندی (ناوکاتی) پێ زمان پەنجە دەخاتە سەر ئەو خاڵە کە زمان زنجیرەییێکی بێ کۆتاییە لە وشە و کەواتە دالەکان کە تێیدا هیچ سەرچاوە و بنەڕەتێک لە ئارادا نییە. چەند بیرمەندێکی هاوچەرخی دیکەش وەک میشل فۆکۆ و ژاک لاکان و ژولیا کریستاڤا، هەڵبەت بەشێوەگەلی جیاجیا، چەند بانگەشەییێکی سوونەتییان بۆ ئامادەبوونی بنیاتە جەوهەرییەکان تووشی چەق سڕینەوە کردووە. ئەو بنیاتانە، بەبڕوای ئەوان، وەکو پاڵپشتێک تەعبیر لە بەڵگەدارێتی زانیاری و هەقیقەت ئەکەن و هەر ئەم دژە بونیاتخوازییەش کە هاوکات گومانی ئاراستەی چەمک و بیرۆکە سوننەتییەکانی مان و واتا و زانیاری کردووەتەوە لە زۆربەی ڕێباز و شێوازەکانی لێکۆڵینەوە ئەدەبییە باوەکانی وەک ڕەخنەی مارکسیستی و ڕەخنەی فمێنیستی و ڕەخنەی مێژوویی‌خوازیی نوێ و ڕەخنەی هەڵوێستی خوێنەردا ڕەنگی داوەتەوە. ئەکرێ بووترێ لە بیری پاش بنەماخوازانەدا مانا بەتەواوی لەزمان وەکو بوونەوەرێکی سەربەخۆ جیایە. زمان هەڵگری مانا نییە بەڵکو تەنیا ئەیگوازێتەوە. هەر بۆیەش



ئەو چەمکانەی ناو کەلام و فەلسەفەی ڕۆژئاوایی کە دەوری بنیات ئەگێڕن بەمەدلوولی بەرزایی[1] ناویان دەبات، هەندێکیان بریتین لە ئاوەز، خێر، بوون، چەق، خوا و...هتد. لەلایەکی ترەوە، ئەم مەدلوولە بەرزاییانە لەگەڵ دژەکانی خۆیاندا واتە هەست، شەڕ، نەبوون، پەراوێز و شەیتان دا دوانە لێکدژەکانی نێو فەلسەفەی ڕۆژئاوایی پێکدێنن کە بەردەوام لەو فەلسەفەیەدا یەکێکیان بەگرنگ و چاک و ناوەند داندراوە و ئەویدیکە بەخراپ و پەراوێز. هەڵگەڕانەوەی تەوەرەی پێک هاتوو لەدوانە لێکدژەکان بەهەڵوەشانەوە ناسراوە.

گەرچی بەبڕوای زۆر نووسەر و بیرمەند هەردوو زاراوەی پاش بنەماخوازی و هەڵوەشانەوە لە بنەڕەتدا یەکێکن و لە زۆر نووسیندا لەبەری یەکتر دێنە بەکارهێنان، بەڵام بەبڕوای ئێمە هەر چەند هەڵوەشانە یەکەمین و سەرەکیترین تیۆری پاش بنەماخوازی پێکدێنێ، بەڵام پاش بنەماخوازی وەکو زاراوەییێکی گشتگیر بەکار ئەبەین کە جگە لە هەڵوەشانەوەش چەند تیۆریکی دیکەی وەک (مەرگی دانە)ی ڕۆلان بارت و (دانەر چییە؟)ی میشێل فۆکۆ و تیۆرەکانی کریستاڤا و ژیل دلۆز و پۆل دوومەن و... هتد ئەگرێتەوە. بیرمەندان و فەلسەفەکارانی پاش بنەماخواز زۆر ڕوانگەی جیاوازیان لە هەمبەر پرسە جیاجیاکاندا ئاراستە کردووە، بەڵام ئەکرێ خاڵە هاوبەشەکان و لایەنە وێکچووەکانی زۆربەیان لەم تایبەتمەندییانەی خوارەوەدا کورت و کۆ بکرێتەوە.

١- گرنگایەتی و سەرەتی تیۆر: هەرچەندە هەر لە ئەفلاتوون و ئەرەستۆوە هەندێ گوتار سەبارەت بەشیعر و ئەدەب بووەتە هۆی سەرهەڵدانی تیۆر و ئەم تیۆرەش بەپێی مانا و کاربردە سوونەتییەکی بریتییە لە کۆی وتەزا و بنەواشە و خاڵە بەرچاوەکان بەمەبەستی ناساندن، پۆلێنکاری، شیکردنەوە و یان هەڵسەنگاندنی بەرهەمە ئەدەبییەکان، بەڵام

(1) transcendental signifid

لەبیر و ڕەخنەی پاش بنەماخوازانەدا تیۆر وەکو پرس و بابەتی زاڵ و ناوەندی بەرجەستە ئەکرێتەوە کە هەر ڕەخنەگرە و دەشێت پێگە و کردەوەکانی خۆی تیۆریزە بکاتەوە. لەپاڵ ئەمەشدا لێرەدا تیۆر تەنیا بۆ ئەدەب سنووردار ناکرێتەوە و سیستەمە نیشانەییە کولتووری و کۆمەڵایەتییەکان و دۆخە جینسی و دەروونییەکانیش ئەگرێتەوە و، کەواتە، ڕەخنەی ئەدەبی لە بیری پاش بنەماخوازانەدا تا ڕادەیەکی زۆر تێکەڵی ئەو بوارانە ئەبێت کە بەشێوەییێکی سوونەتی بەزانستە مرۆییەکان ناوبردە کراون و لە ئاکامدا ڕەخنەی ئەدەبی لە ویژدانی مرۆڤایەتی و زەینییەتی مرۆیی و هەروەها لە سەرجەم شێوەگەلی دیاردە کولتووری و کۆمەڵایەتییەکان جیاناکرێتەوە. لایەنێکی دیکەی تیۆرە پاش بنەماخوازانەکان ئەوەیە کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ دژی شێوەگەلی دامەزراوە و پێوەری بیرکردنەوەن لە سەرجەم ئاقارەکانی زانیاری و سیستەمی بایەخەکاندا. واتە ئەم تیۆرانە ئەو چەمک و واتا و دەرنجامانە دادەبەزێنن یان تووشی شڵەژان و بگۆڕییان دەکەن کە بەبڕوای ئەوان بنیات و جەوهەری ئوسلووبە سوونەتییەکانی گوتارە جیاجیاکانیان لە شارستانێتی ڕۆژئاوادا پێکهێناوە کە دیارە توێژینەوەی کولتووری و ڕەخنەی ئەدەبی بەشێکە لەو ژیار و شارستانێتییە. لە ئاکامدا، ئەم شێوە ڕوانینە بەباس و خواسە و ئەم هەڵوێستە مشتومڕ هەڵگرەی پاش بنەماخوازی ئەبێتە هۆی سەرهەڵدانی خوێندنەوەیەکی دیکەی دامەزراوە سەقامگرتووەکان و ڕوانگەییێکی دیکە بۆ دەسەڵاتی سیاسی و ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان.

٢- چەق سڕینەوەی سووژە: یەکێ لەو ڕەهەندە دژکارانەی ڕەخنەگرانی پاش بنەماخواز بریتییە لەو ڕەخنە توندەی ئاراستەی (مرۆڤخوازی) دەکەنەوە، ئەمەش ئەو ڕوانگە سوونەتییەیە کە بەو پێیە دانەر - یان بەشێوەیەکی گشتی سوژەی مرۆیی- بەخاوەنی شوناسێکی یەکگرتوو و کیانێکی سەربەخۆ دادەنێ کە بەچالاکی و مەبەستمەندییەوە شێوە و مانای



بەرهەمێکی نووسراوە یان ئەدەبی ئەخاتە بەر گەڵاڵەی زەینی و مەبەستی خۆیەوە. (لێرەدا وەبیر شێوە ڕوانینی دیکارت بۆ مرۆڤ و زەینییەتی مرۆیی ئەکەوینەوە). لە ڕوانگەی ڕەخنەگرانی بنەماشکێنەوە، بەڵام سووژە یان دانەر یان گێڕەوەی دەق بۆ خۆی ئەبێتە بەرهەمێکی سەرانسەر زمانناسانە و ئەوان بەوەرگرتنی کاریگەری لە دەروونشیکاریی هاوچەرخەوە کیانی سەربەخۆی ئەو سوژەیەی مرۆڤخوازی پێناسەی دەکرد هەڵدەوەشێننەوە. بەواتایەکی تر، لە ڕەخنەکەی میشێل فۆکۆ و ڕۆلان بارتدا لە پێناسەی دانەر لە مرۆڤخوازی ئەورووپی جگە لە گرنگیدان بەو پێوەندییەی نێوان تاکە کەس و زنجیرەی ڕووداوەکان پتر کاربرد و دەورە سەرەکییەکانی دانەر لە بیری ڕۆژئاواییدا ئەخەنە بەر ڕەخنە کە بەو پێیە دانەر بەسووژەیەکی مەبەستدار و خاوەن سەرچاوەی سەرجەم زانیارییەکان دادەنرا کە بەدابینکەری فۆرم و ماناکانی دەقەکەی خۆشی لە قەڵەم دەدرا. بەواتایەکی ڕوونتر، لە نەریتی مرۆڤخوازانەی ڕۆژئاواییدا دانەر وەکو چەق یان ڕێکخەری و بابەتانە ئەزاندرا کە لە ڕەخنەی ئەدەبی سوونەتی و تەنانەت مێژووی ئەدەبیشدا باسیان ئەکرا. ئەم هەڵوێستە دژەی پاش بنەماخوازەکان لە بەرامبەر مرۆڤخوازی ئەورووپیدا بووەتە هۆی چەق سڕینەوەی سووژە. جگە لەمەش لە ڕەخنەی مارکسیستی و دەروونشیکارانە و مێژوویخوازانەی نوێدا ڕەخنەیەکی وێکچوو ئاراستەی ئەم بیرە کراوەتەوە کە تیاندا دەوری دانەر وەکو سوژەییێکی دابینکەر و مەبەستمەند و یەکگرتوو وەپشتگوێ ئەخرێ. لێرەدا مرۆڤ وەکو خودێکی یەکنەگرتوو دادەنرێ کە بەندە بەمیکانیزمە کۆنترۆڵ نەکراوەکانی ناچارییە جیاجیا ناهۆشیارەکانەوە؛ کەواتە، ئیدی مرۆڤ بەهۆی ئەوەی کە شێوە باوەکانی ئایدیۆلۆژیا ئەگوازێتەوە یان لەبەرئەوەی کە زۆرتر وەکو کۆی بینا کولتوورییەکان دادەندرێ و لە ئاکامدا لەبەرئەوەی کە مرۆڤ پێکهاتەیەکی گوتارییە کە بنەماکانی دەسەڵات لە سەردەمێکی دیاریکراودا بەرهەمی هێناوە و چیدی وەکو سووژەیەکی یەک دەست و سەربەخۆ و یەکگرتوو سەیر

ناکرێ.

٣- خوێندنەوە، دەقەکان و نڤیسار: چەق سڕینەوە و پشتگوێخستنی دانەر ئەبێتە هۆی ئەوەی کە خوێنەر یان ڕاڤەکار بێتە وتەزایەکی گرنگ لەو هەڵسەنگاندنە پاش بنەماخوازانەیانەی کە لەسەر کردەوە نیشانەییەکان ئەنجام دەدرێت. لێرەشدا خوێنەر ڕێوڕاست وەکو دانەر لەو تایبەتمەندییە مرۆییانەی کە بەشێوەیەکی نەریتی خراوەتە پاڵی جیا ئەکرێتەوە. ئەوەی خوێنەر ئەیخوێنێتەوە چیدی چەمکی نەریتیی بەرهەم نییە کە هەڵگری تایبەتمەندییەکانی مەبەستی دانەری بەرهەمە، بەڵکو ڕەوتی خوێندنەوە لەسەر دەق ئەنجام ئەدرێ کە بریتییە لە بنەمای دالەکان. لەپاش بنەماخوازیدا بەگشتی و لە هەڵوەشانەوەدا بەتایبەتی دەقەکان تاکایەتی خۆیان ئەدۆڕێن و پتر وەکو دەرکەوتەیەک لە نڤیسار ئەژمێردرێن. نڤیسار لێرەدا ئەو دەقێتییە گشتییەیە کە تیایدا سنوورە دەستکردەکانی نێوان جۆرە جیاجیاکانی دەقە ئەدەبی و مێژوویی و یاساییەکان لەناو ئەچێ. بەکورتی و بەگوێرەی ڕوانگەی پاش بنەماخوازانە، هیچ دەقێک ناتوانێ ئەوەی وا دیارە ئەیڵێ بیڵێ. بیرۆکەگەلی ڕەخنەگرانی قوتابخانەی کۆنستانس و ڕەخنەی هەڵوێستی خوێنەر کاریگەرێتی زۆریان لەسەر ئەم لایەنەی بیری پاش بنەماخوازانە داناوە.

٤- گوتار: گوتار بەشێوەیەکی نەریتی ئەو بەشانەی بەرهەمە ئەدەبییەکان ئەگرێتەوە کە تیایاندا وتووێژی نێوان کەسێتییەکان ئامادەیە. جگە لەم پێناسە کۆن و نەریتییە، لە حەفتاکاندا و بەهۆی کاریگەرێتی ڕەخنەی وتووێژ تەوەری میخاییل باختین زاراوەی (شیکاریی گوتار) هاتە ئاراوە کە لە زمانناسیدا بەشێوەی شیکاریی گوتەش بەکارئەبرێ و پێ لەسەر ئەو گوتارە ئەدەبییە یان گوتە کۆمەڵایەتییە دادەگرێ کە لەلایەن کەسێتییە مرۆییەکانەوە بەڕێوەئەبرێ و دەنگەکانیان بەتەواوی لەو گۆڕینەوە بزۆز و بگۆڕەدا بەشدارن کە لەسەر بیروبڕواکان و ڕوانگەکان و هەستەکان و دەربڕینەکانی دیکەی باری زەینییەت ئەنجام ئەدرێ. لە



ڕەخنەی پاش بنەماخوازانەدا گوتار ئەو زاراوە زاڵ و گشتگیرەیە کە هەندێ جار دەق کامڵ دەکا و هەندێ جاریش لەجیاتی دەق بەکارئەبرێ. لێرەدا دەق ئەو کەرەسە زمانییەیە کە سەرەکیترین کەڵکەڵە و سەرنجی ڕەخنەی ئەدەبی پێکدێنێ، هەر وەک زاراوەی نڤیسار، لێرەشدا گوتار هەر تەنیا ئەو وتووێژانەی نێو بەرهەمی ئەدەبی و یاخود کۆمەڵگا ناگرێتەوە، بەڵکو پتر تەعبیر لەڕواڵەتی بوونی سنوورەکانی نێوان ئوسلووبە ئەدەبی و نائەدەبییەکانی دەلالەت ئەکات. لەناو بیرمەندانی پاش بنەماخوازدا میشێل فۆکۆ و ڕەخنەگرانی مارکسیستی وەکو لویی ئاڵتووسێر پتر لەوانی دیکە ئاوڕ لە گوتار ئەدەنەوە.

## پاشکۆی سێیەم:

# جوانیناسی

لە ئەنسایکلۆپیدیای بریتانیکادا، (جوانیناسی) بەواتای (لێکۆڵینەوەی تیۆریکی هونەر و جۆرەکانی هەڵسوکەوت و ئەزموونی پێوەندیدار بەهونەرەوە) پێناسە کراوە. بنج و ڕەگەزی ئەم وشەیە ئەگەڕێتەوە بۆ وشەی یۆنانی Aesthetics بەمانای (تێگەیشتن و هەست پێکردن) بۆ دیاریکردنی مێژووی سەرهەڵدانی چەمک یان دیاردەی (جوانی) پێویستە بگوترێ مێژوویەکی دیاریکراو لەبەردەستدا نییە، چونکە لەسەرەتای داهێنانی هونەرەوە مێشک و هەستی مرۆڤ بەرەو لای جوانی هەنگاوی ناوە. ئەمەش لەلایەکەوە سەرەتای باسە تیۆریکەکان لەسەر هونەر ئەگەڕێتەوە بۆ ئەفلاتوون و چەند فەیلەسووفێکی دیکەی سەردەمی یۆنانی کۆن وەک ئەرستۆ و هۆراس و لانجاینووس.

وشەی جوانیناسی بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٧٥٠ی زایینیدا وەکو وتەزایەکی فەلسەفی لە کتێبێکی بەم ناوەوە لەسەر دەستی ئەلکساندەر بوم گارتن بەکارهێنرا: لەم کتێبەدا، بوم گارتن هەوڵی داوە پێوەندیی نێوان هەڵسەنگاندنی جوانی لەلایەکەوە و تیۆری هونەر لەلایەکی دیکەوە دەستنیشان بکات. مەبەستی بوم گارتن لەم کتێبەدا ئەوەیە کە ڕاڤەیەک لە هونەر بکات کە تیایدا هونەر وەک جۆرێک لە داهێنانی مرۆیی نوێندراوە کە مەبەست و دوا ئاکامی، هەمان ئاراستە کردنی جوانییە. بەڵام گۆڕانکاریی هەرە مەزن لەم بوارەدا ئیمانوئێل کانت، فەیلەسووفی ئەڵمانی سەردەمی ڕۆشنگەری، وەدی هێنا. لەکتێبی ڕەخنەی ئەقڵی پەتی دا بەمیتۆدی میتافیزیکی شیکاری و وردبوونەوەی فەلسەفی ویستوویەتی



بابەتی جوانیناسانە لێک بداتەوە. کانت (جوانی)ی وەکو پردێک لەنێوان دوو جیهانی دەرهەست و بەرهەست دادەنێ و تام و چێژی وەدیهاتوو لە بەرهەمێکی هونەری، لە هەستەکانی تری مرۆڤ جیادەکاتەوە و ناویان دەنێتە (تام و چێژە بێ لایەنەکان).

لەم ڕوانگەیەوە، جوانی وەک دیاردەیەکی سەراسەر پێوەندیدار بەهەستەوە ڕەچاودەکرێ کە خاوەن بایەخێکی ڕۆحی و دەروونییە. لەسەدەی نۆزدەهەمدا، هیگڵ (جوانی)ی بەوێنەی (ڕەنگدانەوەی هەستامێزی هزر) لە قەڵەم دەدا و گرنگی زۆری دەدایە باسە تیۆریکەکانی کانت.

لەسەرەتای سەدەی نۆزدەهەم بەم لاوە، جوانیناسی بەشێوەیەکی بەربڵاو هاتە ناو جیهانی ئەدەبەوە. تیۆفیل گوتیە لە پێشەکیی دوو کتێبی خۆیدا بەناوگەلی ئالبێرتووس و مادموازێل دوموپن دروشمی (هونەر بۆ هونەر)ی ڕاگەیاند. هەر لەم سەردەمەدا بوودلێر و فلۆبێر-یش پەنجەیان خستە سەر هەوڵ بۆ (ڕزگارکردنی هونەر). لەئەمریکاشدا، ئێدگار ئالێنپۆ لە وتارێکدا بەناونیشانی (بنەواشەی شاعیرێتی) داکۆکی لەڕوانگەی هونەر بۆ هونەر دەکات. پۆ لەسەر ئەو بڕوایەیە کە لەشیعردا نابێ و ناکرێ باسی پەروەردە و داهێنان بکرێ. پۆ پێی وابوو کە کۆکردنەوەی شیعر و هەقیقەت لەیەک شوێندا سەرناگرێ. لە ئینگلیزیدا، واڵتێر پەیتر یەکەم کەس بوو کە بەکاریگەرێتی وەرگرتن لە جان ڕاسکین و هەندێ هونەرمەندی نیگارکێشی سەر بەقوتابخانەی بەر لەڕافائیلییەکان باسی جوانیناسی بەشێوەیەکی بەربڵاو هێنایە ئاراوە و کتێبی لێکۆڵینەوەیەک لەسەر مێژووی ڕۆنێسانس باشترین بەڵگەیە بۆ ئەم قسەیە. ئەوەش بڵێین کە بابەتی (ڕێژەیی بوونی ئەدەبی) یەکەم جار لەم کتێبەدا باسی لێکرا، پتر کە لەژێر کاریگەرێتی بوودلێر و فلوبێردا بوو، گەڕان بۆ دۆزینەوە و دەستنیشانکردنی هەقیقەتی بەتراویلکەیەکی سەیر دادەنا و لەسەر ڕزگاریی هونەر لە ئەڵقەکانی زنجیرەی کۆمەڵگا پێداگریی دەکرد. ئۆسکار وایڵد، شانۆنامەنووسی

ئینگلیزی، بە بەرچاوترین لایەنگری پەیتر ئەژمێردرێ و ڕۆمانی وێنەی دۆریەن گرەی وەکو مانیفێستی ئەو گرووپە دادەندرێ. لە ڕۆژهەڵاتیشدا، فارابی و ئیبنی سینا و خواجە نەسیری تووسی و ئیبنی ڕوشد و ئیخوانی سەفا بەو فەیلەسووفانە ئەژمێردرێن کە لەسەر جوانیناسی، هەرکام لە ڕوانگەی خۆیانەوە چەند باسێکیان وروژاندووە.

# بەرهەمەکانی ساڵی ٢٠٠٤

(٢٢٢) سياسة التعريب في إقليم كُردستان العراق – دراسة وثائقية- إعداد: مجموعة من المؤلفين.

(٢٢٣) دیوانی شێخ رەزای تاڵەبانی، کۆکردنەوە و ساغکردنەوەی: شێخ محەمەدی خاڵ و ئومێد ئاشنا.

(٢٢٤) الأمير الكُردي – مير محمد الرواندزي. تأليف: جمال نَبَز. ترجمة: فخري شمس الدين سيلاحشۆڕ

(٢٢٥) گەنجە ئازاکەی سەر جۆلانەکە. هەڵبژاردەیەک لە کورتەچیرۆکی بیانی. وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: شێرزاد حەسەن.

(٢٢٦) ئیسلام و ناسیۆنالیزم لە کوردستاندا. سەرەتایەک لە بارەی کۆمەڵناسیی ئاینییەوە. موسڵح ئیروانی.

(٢٢٧) دیداری سەرەک کۆمار. شانۆگەری. نووسینی: رەئووف حەسەن.

(٢٢٨) داستانی حەسەن و حوسەین، داستانێکی فۆلکلۆری کوردییە، ساخکردنەوە و لێکۆڵینەوەی: هەردەوێل کاکەیی.

(٢٢٩) ملوانکەی ستیل – کۆمەڵە چیرۆک، محەمەد فەریق حەسەن.

(٢٣٠) جووتیارێکی زیرەک، کۆمەڵە چیرۆک بۆ منداڵان، وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: ئەمیری حاجی داود.

(٢٣١) پاپۆڕی فریو، چیرۆک بۆ منداڵان، وەرگێڕانی لە دانیمارکییەوە، محەمەد فەریق حەسەن.

(٢٣٢) دار گێلاس، چیرۆک بۆ منداڵان، وەرگێڕانی لە دانیمارکییەوە: محەمەد فەریق حەسەن.

(٢٣٣) کچە ئەستێرە، چیرۆک بۆ منداڵان، وەرگێڕانی لە دانیمارکییەوە: محەمەد فەریق حەسەن.

(٢٣٤) الكُرد، دراسة سوسيولوجية وتأريخية، ألفه: باسيلي نيكيتين، نقله من الفرنسية وعلق عليه: الدكتور نوري طالباني.

(٢٣٥) فەرهەنگی قانونی. دانانی: د. نووری تاڵەبانی.

(٢٣٦) منطقة كركوك ومحاولات تغيير واقعها القومي، تأليف: د. نوري طالباني.

(١٣٧) هەولێر لە نێوان ڕابردوو و ئێستادا ١٨٢٠-٢٠٠٠، سەمیر ساڵح.

(٢٣٨) ناوچەی کەرکووک و هەوڵی گۆڕینی باری نەتەوەییی ئەم ناوچەیە، دانانی: دکتۆر نوری تاڵەبانی، وەرگێڕانی: محەممەدی مەلا کەریم

(٢٣٩) چەند ئاسۆیەکی تری زمانەوانی. دانانی: پرۆفیسۆر وریا عومەر ئەمین.



(٢٤٠) کوردستان لە چاپکراوە عوسمانلییەکاندا. فەیسەڵ دەباغ لە تورکیی عوسمانلییەوە کردوویە بەکوردی.

(٢٤١) کەس وەک من تۆی خۆش ناوێ – کورتە چیرۆک. نووسینی: سەحەر رەسایی.

(٢٤٢) بارزانیی نەمر لە ١٠٠ ساڵەی بوونیدا – کۆمەڵە وتار. نووسینی: سەرباز هەورامی.

(٢٤٣) باوک – شانۆنامەی هاوچەرخی سوێدی. نووسینی: ئۆگۆست ستریندبێرگ. وەرگێڕانی لە فەرەنسییەوە: د.فەرهاد پیرباڵ.

(٢٤٤) ناوچەی کەرکوک و هەوڵی گۆڕینی باری نەتەوەییی ئەم ناوچەیە (بەزمانی ئینگلیزی). دانانی: دکتۆر نوری تاڵەبانی.

(٢٤٥) نامەکان بەر لە مردن ناخوێنرێنەوە – کورتە چیرۆک. نووسینی: کازیوە ساڵح.

(٢٤٦) کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان. مێژوو. نووسینی: حامید گەوهەری.

(٢٤٧) هوية كركوك الثقافية والإدارية. تأليف: محمد علي قرداغي.

(٢٤٨) رۆمیۆ و جوولیێت – شانۆگەری. نووسینی: شەکسپیر. وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: ئازاد حەمە شەریف.

(٢٤٩) خەباتی رزگاریخوازی کورد و ئازەر لە ئێران. نووسینی: د. کەمال مەزهەر ئەحمەد. گۆڕینی بۆ کوردی: ئازاد عوبێد ساڵح.

(٢٥٠) بەفرنووس و ئەوانی تر – دیوانی شیعر. شیعری: دڵشاد عەبدوڵڵا.

(٢٥١) خەون وا خۆی گێڕایەوە. دیوانی شیعر. سەباح رەنجدەر.

(٢٥٢) فیلسۆفەکانی مۆدێرنیتە لە دێکارتەوە تا هایدگێر. نووسینی: بێرتران ڤێرژۆلی. وەرگێڕانی: محەمەد رەحیم ئەحمەدی.

(٢٥٣) نڤیسار. کۆمەڵێک بابەتی تیۆری. بەرگی یەکەم.

(٢٥٤) گەلاڵەی پارادایمی پەرەسەندنی کولتووری بۆ حکوومەتی هەرێمی کوردستان. نووسینی: بەختیار سەجادی.